# Articles 62-63-64 of the Treaty of Sevres
# It is a (historical-political) study

Keywan Azad Anwar
Department of History, College of Humanities, Sulaimani University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2581kq.05*
*Published: 2/3/2025*

## *Abstract*
*The Treaty of Sèvres is considered one of the most important international treaties that attracted the attention of the Kurdsh, given that it dealt with the Kurdish issue by establishing an independent Kurdish entity under the protection of the Allies, according to the three articles (62, 63, 64). And although that treaty was not applied at the same time and was replaced by the Lausanne Agreement, the treaty remained in the memory of the Kurdsh until today.*

*From here and in order to shed light on the three articles, and the conditions of the region in general and the Kurdsh in particular during that period, we have prepared this research in three axes. In the first axis, we touched on the situation of the Kurds in that period. As for the second axis, we defined the Treaty of Sevres and the three articles associated with the Kurds, with an explanation of their contents and how the Kurds responded to them? As for the third and final axis, we explained the most important problems that faced the institutes and their non-application at that time. This has ended our research with several results and a list of sources and references and the most important appendices related to this topic, and God grant success.*

***Keywords***: *Treaty of Sevres, Kurds, Allies, Independence, Agreement of Lausanne*

# ڕانانێک بۆ (سێ) ماددەکانی (٦٢-٦٣-٦٤)ی (پەیمانی سیڤەر) لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی - سیاسی)یە

**پرۆفیسۆر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر**
**بەشی مێژوو-کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان-زانکۆی سلێمانی**
Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq

**پوختە:**

یەکێک لەو ڕووداوە مێژووییانەی سەرنجی کوردی بۆ لای خۆی ڕاکێشا (پەیمانی سیڤەر) بوو. لەنێو ماددە پەسندکراوەکانی ئەو پەیماننامەیەشدا هەر (سێ) ماددەی (٦٢، ٦٣، ٦٤) زۆرترین سەرنجی ئەوانی کەوتەسەر، چونکە جەختیان لەسەر مافەکان و قەوارەیەکی سیاسی لە شێوەی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بۆ کورد کردەوە. دیارە ئەو کات، پەیمانەکە بۆ کورد جێگای خۆی نەگرت و بەلاوەنراو، ڕێککەوتنامەی لۆزانی بە دوادا هات. بەو ڕێککەوتنامەیەش دۆخی کورد، کەوتە بەردەم هەڕەشەی وڵاتانی داگیرکاری خاکەکەی. تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پەراوێزخرا.

لێرەوە بۆ خستنەڕووی هەر (سێ) دەقی ماددەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤) پەیمانی سیڤەر و بەراوردکردنی بە دۆخی ئەو کاتەی کوردستان و سیاسەتی وڵاتانی هاوپەیمان و براوەی یەکەمین جەنگی جیهانی، ئەم تویژینەوەیەمان ئامادەکرد و لە (سێ) تەوەردا نوسیمان. لە تەوەری یەکەم: تیشک خراوەتەسەر دۆخی کورد دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، تا واژۆکردنی پەیمانی سیڤەر. تەوەری دووەمیش بۆ ناساندنی پەیمانەکە و خستەڕووی هەر (سێ) ماددەی (٦٢، ٦٣، ٦٤) تەرخانکراوە. تەوەری سێیەمیش بۆ هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی ئەو ماددانە دیاریکرا، کە دواجار بە هۆیەوە ڕێککەوتنامەی لۆزان شوێنیگرتەوە. ئەمەو بە ئەنجامێک، کە توێژەر پێی گەیشتوە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و ئەو پاشکۆیانەی ئەم تویژینەوەیان پێکهێناوە، کۆتایی بەم کارە هاتوە.

**کلیلی وشەکان:** (پەیمانی سیڤەر، کورد، هاوپەیمانان، سەربەخۆیی، ڕێککەوتنامەی لۆزان)

## پێشەکی

گوزەرکردن بە (پەیمانی سیڤەر)، گوزەرکردنە بە پەیمانێکی نێودەوڵەتی، کە لە (١٠ی ئابی١٩٢٠ز) لە (سیڤەر)ی وڵاتی فەڕەنسا، یەکێک لە وڵاتانی هاوپەیمانان و براوەی یەکەمین جەنگی جیهانی بەسترا. (سیڤەر)یش یەکەمین پەیمانی نێودەوڵەتی بوو، کە لە (سێ) ماددەی (٦٢، ٦٣، ٦٤)دا، شێوازێک لە چارەسەری بۆ کێشەی کورد، وەک نەتەوەیەکی بندەست خستەڕوو.

لەم سۆنگەیەوە، بۆ ئەوەی ئاوڕێکی زانستی لەو پەیمانە و ئەو (سێ) ماددەیە بدەینەوە، ناوەرۆکیان و دۆخی کورد لەو سەردەمەدا بخەینەڕوو. دواتر بگەینە ئەوەی، کە ئایا دیاریکردنی ئەو (سێ) ماددەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، لە هێزی سیاسی کورد بوو؟ یان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتانی هاوپەیمان و براوەی جەنگ بوو؟ هەروەها جێبەجێنەکردنیشی لەبەر نەزانی یان کەمتەرخەمی کورد بوو؟ یان دیسانەوە بەرژەوەندیی وڵاتانی هاوپەیمان و زلهێزەکانی وای دەخواست، جارێکی دیکە نەتەوەی کورد پەراوێز بخەن؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامادەکرا. بۆ ئەو مەبەستەش شەن و کەوی دەیان سەرچاوەی جیاجیامان، بە (سێ) زمانی (کوردی، عەرەبی، فارسی) کرد. هەروەها دەستمان بە چەندین بەڵگەنامەی مێژوویی گەیشت، بە خودی ناوەرۆکی پەیمانەکەشەوە. گەیشتن بەو کارانەش ئاسان نەبوو، بەڵکو کاتی زۆر و تێچووی دارایی زۆریشی دەویست، بەڵام شانمان دایەبەری و کارەکەمان بە کۆتا گەیاند. دیارە لەگەڵ ئەوەش، بەو ماوە کەمەی بۆ نوسینی ئەو توێژینەوەیە دیاریکرابوو، کارێکی ئەستەم بوو، بە هەموو ئەوانە بگەین، بەڵام ئەوەندەی توانامان بەسەریدا شکا، کارەمان لەسەریکرد، تا توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجامبدەین. بەو هیوایەشین ئەم هەوڵەمان جێگای خۆی گرتبێت و ڕەزامەندی کۆنفرانسەکە بێت.

## تەوەری یەکەم

### دۆخی کورد و سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکە و هاوپەیمانان لەسەر کورد، دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، تا واژۆکردنی پەیمانی سیڤەر

**دۆخی کورد دوای یەکەمین جەنگی جیهانی:** کاتێک دەمانەوێت دۆخی کوردەکان لە نێوان ساڵانی ( ١٩١٨ – ١٩٢٠)، واتا، ساڵانی دوای کۆتایی هاتنی جەنگە، تا کاتی واژۆکردنی پەیمانی سیڤەر لە (١٠ی ئابی١٩٢٠ز) ڕاڤەبکەین. دەگەینە ئەوەی، کە کورد لەگەڵ ئەوەی نەتەوەیەکی دابەشکراو و ژێردەستە بوو، پەرتەوازە و ناتەباش بوون. هەروەها لە نێوان خۆیاندا بۆ چەندین خێڵ و هۆز و بنەماڵە و دەستەی نەیار بە یەک دابەشبوون (کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسلی فرنسی لە بەغداد ساڵی١٩١٩، ٢٠٠٤: ٤٤، المس بيل،٢٠٠٦: ٥٦–٥٧، د.عثمان علي، ٢٠٠٨: صص٣١٠–٣١٤). ئەمە، جگە لەوەی تێڕوانین و هەڵوێستی هەر سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆز

و گەورەی بنەماڵەیەک بۆ وڵاتانی زلهێز و دەورووبەریان جیاواز بوو. بە ئاستێک هەر یەک لەوان لە ڕقی لایەنە نەیارەکەی، یان بۆ پشتیوانی لە خێڵ و هۆزە هاوپەیمانەکەی، کاریان بۆ ئەوە دەکرد لە دەوڵەتێکی دراوسێ یان دەرەکی نزیک ببنەوە (کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسلی فرنسی: ٤٤، بیل: ٦٦).

لەو دۆخەدا هەژاری و برسییەتی زۆربەی خێزانەکانی کورد و نالەباری ئاست و بژێوی ژیانیان، ئەوەندی تر دۆخەکەیانی خراپ کردبوو (بیل : ٢١-٣١، ناسر و ئەوانی تر، ٢٠٠٦: ٤٢). بە تایبەت دۆخی جوتیارانی کورد، کە زۆرینەی کۆمەڵگای کوردییان لەو سەردەمەدا پێکهێنابوو. جگە لەوەی لە دۆخێکی زۆر خراپی ئابوری و کۆمەلایەتیدا دەژیان (کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا١٩١٨-١٩٢٤، ٢٠١٧: ٣٦٢/٢). هەروەها شەڕی ناوخۆیی خێڵ و هۆزە کوردەکان، وایکردبوو، کە نەتوانن خۆیان خاکی خۆیان بەڕێوەببەن و هەر سەرقاڵی خۆیان بن (کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسلی فرنسی: ٤٤، د.عثمان علي: ٣١٠-٣١٤). ئەوە لە کاتێکدا بوو، کۆتایی هاتنی ئەو جەنگە، نەخشەی سیاسی جیهانی دروستدەکردەوە (د.خلیل اسماعیل محمد، ٢٠٠٦: ٩٤).

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر پەرتەوازەیی کورد و باوەڕی توندی ئاینی ئەوان بە ئاینی ئیسلام نەبوایە، کە باوەڕی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی بوو (باسیل نیکیتین٢٠٠٤، ص٢٥١، ڤلادیمیر مینۆرسکی٢٠٠٤، ل١٠٧، تۆمابوا ١٩٨٠، ل١٩٥). لە پاڵ کۆمەڵگایەکی زۆرینە گوندنشین و کەمینە شارنشیندا، ئەوا دەیانتوانی لە وڵاتانی (بەریتانیا، فەرەنسا، ڕوسیا) وەک (سێ) زلهێزی سەردەمەکە نزیک ببنەوە، کە لە ڕووی باوەڕەوە مەسیحی بوون (ئاسۆ گەرمیانی٢٠٠٤، ل٣٩، بێناو٢٠٠٩، ل٢٥). ئەوەش وایدەکرد لە مافەکانی خۆیان یان بەشێکی مافەکانیان نزیک ببنەوە.

ڕاستە، بە گشتی کۆمەڵگای کوردی ڕقیان لە دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری و بەرپرسەکانی دەبوویەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە لایەک سوڵتانی عوسمانیان بە خەلیفەی موسڵمانان و پارێزەری ئاینی ئیسلام و ئاینزای سوونە و شای قاجاریشیان بە پارێزەری ئاینزای شیعە دەزانی، بۆیە تا بۆیان کرا پشتیوانیان بوون (المس بیل٢٠٠٦، ص٥٢). بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، کە بەرواری (٢١ی مایسی١٩١٩ز) لەسەرە، باس لە هەوڵێکی شکستخواردوی بەریتانیەکان دەکات بۆ ڕازیکردنی کوردەکانی باکوری کوردستانی بندەستی دەوڵەتی عوسمانی، تا پشت بکەنە دەوڵەتەکە و تورکەکان و پشتیوانی لە بەریتانیەکان بکەن، بە هۆی ئەوەی لە ڕووی باوەڕی ئاینییەوە یەک بوون. هەر ئەوەش هۆکاری پشتیوانی کوردەکان بوو لە تورکەکان (کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا ١٩١٨-١٩٢٤، ١/٣٦٤-٣٦٦).

جیاواز لەوەش، لە ناو کوردەکان پۆلێک کەسانی نەتەوەیی هەڵکەوتن، کە ویستیان مافی چارەی خۆنوسین هاوتەریب لەگەڵ داواکەی (ودرۆ ویڵسن/١٩١٣-١٩٢١ز) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرزبکەنەوە، کە لە ناو (١٤) ماددەدا لە ماددەی (١٢) باسی لە پێویستی

سەربەخۆیی گەلانی بندەستکرد (د.جلال یحیی١٩٦٦، ص٦٠٤، سعد بشیر اسکندر٢٠٠٤، ص١٨، سدیق سالْح٢٠٠٦، ل٥٥). هەروەها داواکەی (ڤلادیمیر ئیلیچ لینین/١٩١٧-١٩٢٥ز)یش وەک سەرۆکی شۆرشی بەلشەویک و وڵاتی سۆڤیەت، دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەی بەسەر دەوڵەتی ڕوسیای قەیسەری، کاتێک بانگەشەی بۆ ئەوە کرد، کە پشتیوانی لە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوە بندەست و ژێردەستەکان دەکات (سعد بشیر اسکندر، صص٤٢-٤٣ )، بەڵام هیچ یەک لەو هەوڵانە بە ئامانج نەگەیشت. هۆیەکەش ئەوەبوو، کە ئەوان کەمینە بوون و ئەو بیرکردنەوەیەش لای زۆرینەی سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆزەکان ئەو بایەخەی نەبوو (کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا ١٩١٨-١٩٢٤، ٢/٣٧٦). ڕاستە ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٠ز) باشترین کات بوو، کورد کار بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بکات، بە هۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لاواز و بە شکست لەو جەنگە جیهانیە دەرچووبوو، دەوڵەتانی هاوپەیمانیش دەیانویست دەوڵەتی عوسمانی دابەشبکەن. دۆخی دەوڵەتی قاجاریش خراپ بوو (د. صادق شرفکندی١٣٩٢ه.ش، ص٥٨)، بەڵام دیسانەوە سوود لەو سەردەم و دۆخەش نەبینرا. هۆکارەکانیش زۆربوون.

لە لایەک دەرکەوتنی (مستەفا کەمال) و ناردنی بۆ ناوچە کوردیەکانی باکوری کوردستان لەساڵی (١٩١٩ز)، هەلێکی زێڕینی لە دەست کوردی ئەو بەشەی کوردستان دەرهێنا، چونکە بە گەیشتنی بۆ ئەو ناوچانە وای بانگەشەکرد، کە ڕزگارکەری ناوچە کوردنشینەکانە و دژایەتی دەوڵەتانی هاوپەیمانی مەسیحی دەکات. ئەوەش بە مەبەستی ڕزگارکردنی دەوڵەتی عوسمانی و خەلیفەی موسڵمانان لە پیلانی داگیرکەرانی نیشتمان (د.کەیوان ئازاد ئەنوەر٢٠٢٢، ل٢٦٤). هەروەها بە زیرەکی خۆی توانی زۆرێک لە سەرۆک هۆز و خێڵەکانی کوردی قایلبکات، لە ئێستادا واز لە سەربەخۆیی خاکەکەیان بهێنن، تا ئەو کاتەی تەواوی داگیرکەرانی وڵات لەسەر خاکی عوسمانی دەردەکەن، ئەو کات کار بۆ سەربەخۆیی کورد و تورک دەکەن (بلەچ شیرکۆ١٩٩٨، صص٨٧-٨٨). هەروەها داوای برایەتی (کورد و تورک)ی بۆ دژایەتیکردنی سەرجەم بێگانەکان لە وڵات کرد. بەمەش کوردەکان کەوتنە ژێر کاریگەری بانگەشەکانی و لەبری ئەوەی کێشە بۆ هەوڵەکانی دروستبکەن، بوونە پاڵپشت و هاوکاری بەرنامە و پلانەکانی (ئاسۆ گەرمیانی٢٠٠٤، ل٤٨، د.کەیوان ئازاد ئەنوەر٢٠٢٢، ل٢٦٤). ئەوەش هەلی سەرکەوتنیان پێدا.

لە وڵاتی ئێران و سنوری دەوڵەتی قاجاری (نەسرئەلدولە) وەزیری دەرەوەی ئێران، بانگەشەی ئەوەی کرد، کە کار بۆ دروستکردنی هەرێمێکی یەکگرتووی کوردستان دەکات لە ویلایەتە کوردنشینەکانی دەوڵەتی عوسمانی، تا بەو هۆیەوە دەنگی ناڕەزایی کوردەکان کپبکات(د. عثمان علی٢٠٠٨، ص٣٧٥).

لە باشوری کوردستان و بە کۆتایی هاتنی جەنگەکە، بەریتانیەکان دەستیان بەسەر ویلایەتی موسڵدا گرت. هەروەها لە هەنگاویکیاندا (شێخ مەحمود/١٨٨٠-١٩٥٦)یان لە (١٩١٨/١١/١١ز) بە حکومداری باشوری کوردستان ناسی (جلال الطالبانی، ٢٠١٤: ٣٩، ئاکۆ

شوانی، ٢٠٠٢: ٩٦). بۆ ئەوەشی کارەکانیان باشتر بچێتە پێش و لە ژێر هەژموونی خۆیان دەرنەچێت، (مێجەر نۆئێل)یان بە ڕاوێژکاری سیاسی (خواجە: ٢٢/١، د.حوسێن محەمەد عەزیز، ٢٠٠٣: ٨٥، شوانی: ٩٦، د.خلیل اسماعیل محمد: ٩٤)و (مێجەر دانلیس)یشیان بە ڕاوێژکاری سەربازی (شێخ مەحمود)و دەسەڵاتەکەی دیاریکرد(کەمال نوری مەعروف، ١٩٩٥، :٣٩، ئەحمەد باوەڕ، ٢٠٠٢: ١٠، شوانی: ٩٦).

دیارە (مێجەر نۆئیل) بەو ئەزموونەی لەسەر کورد و کۆمەڵگای کوردی هەیبوو وە هاوسۆزیان بوو، بۆیە پشتیوانی خودی (شێخ مەحمود)و لایەنگرانی بەدەستهێنا، تا متمانە بە دەوڵەتی بەریتانیا بکەن(د.عثمان علی: ٣٥٢). تەنانەت کاتێک هاتە سلێمانی لەبری هێزی سەربازی، ژمارەیەک پزیشک و ئەندازیار و پسپۆڕی لەگەڵ بوو(عبدالرحمن ادریس البیاتي، ٢٠٠٥: ١١١/١). هاتنی ئەوانیش بۆ شارو ناوچەکە باشبوو، چونکە خودی شارەکە و دەوروبەری بە هۆی هەژاری و پیسخۆری و ناهەمواری ژیانی خەڵکەکەی، پێشبینی ئەوە دەکرا، کەمێک لە ژیانی خەڵکەکەی بگۆڕێت(ناسر و ئەوانی تر: ٤٦). بەتایبەت دوای ئەوەی یەکەمین داواکاری لە بەرپرسانی دەوڵەتەکەی لە شاری (بەغداد) ناردنی (ئازوخە، دەرمان، تۆی کشتوکاڵی) بوو، تا شوێنەواری دواکەوتوویی عوسمانییەکان و هەژاریان بەسەرەوە نەمێنێت (رفیق حیلمی، ١٩٨٨: ٢٢١/٢). هەروەها کاری بۆ ئەوە کرد، کە فەرمانبەرانی ناوچەکە کوردبن و لاوان بچنە ڕیزی سوپای کوردستانەوە. ئەمە و کاری بۆ ڕێکخستنەوەی باجەکان کرد و یاساکانی عوسمانی وەلانا و یاسای دەوڵەتەکەی چەسپاند (البیاتی: ٢٢١/١)، بەڵام بە هۆی ئەوەی (شێخ مەحمود) و سیستەمی خێڵەکی ئەو دەمەی باشوری کوردستان بە گشتی و ناوچەی سلێمانی بە تایبەتی، بواری نەدا، لەو هاوکاری و پشتیوانیەی، بەریتانیەکان تێبگەن (س.ج. ادموندز، ١٩٧١: ٣٤-٣٦، گەرمیانی: ٤٣)، هەروەها خودی بەریتانیەکانیش هەڵوێستیان بەرامبەر (شێخ مەحمود) گۆڕا، بۆیە لە (١٩١٩/٦/١٨ز) لێیاندا و دوای برینداربوونی و دەستگیرکردنی لە (دەربەندی بازیان) ڕەوانەی شاری (بەغداد)یان کرد لە دەسەڵاتەکەشیاندا (خواجە: ٤٧/١، البیاتی: ١٤٨-١٤٩، الطالبانی: ٥١، گەرمیانی: ٤٣-٤٤).

ئەو ڕووداوانە کەوتنە دوای لادانی (مێجەر نوئیل) و دانانی (مێجەرسۆن) لە شوێنی. ئەوەش (شێخ مەحمود)یان هاندا، لە (١٩١٩/٥/٢٠ز) سەرجەم ئەفسەر و سەربازەکانی هێزی بەریتانیا لە سلێمانی، دەستگیربکات. بەو هۆیەشەوە دواجار شەڕی (دەربەندی بازیان) ڕوویدا و ئەوە بەسەر (شێخ مەحمود)دا هات، کە ڕوویدا (بیل: ٦٩٠٧٠). بە دوای ئەویش دەنگی نارەزایی و ڕاپەڕین و خۆپیشاندان لە سەرتاسەری باشوری کوردستان لە (زاخۆ تا خانەقین) بەرزبوویەوە (خواجە، ٦٠/١-٦٦، (بیل: ٦٧-٦٨، الطالبانی: ٥٣-٥٤، د.عثمان علی: ٣٣٦-٣٤٢). بڕواش وایە، ڕاپەڕینی هۆزە کوردیەکان لە ناوچەی بادینان، تا سنوری ڕەواندوز و بیتوێن و دەشتی کۆیە، بە هاندانی تورکەکان و خودی (مستەفا کەمال) بووبێت (د.ڕەنجدەر محەمەد عەزیز، ٢٠٢٢: ١٤١)،

کاتێک لەسەر داوای ئەو کەسایەتییەکی تورک و فەرماندەیەکی سەربازی بە ناوی (عەلی شەفیق چەرکەسی) ناسراو بە (ئۆزدەمیر پاشا)، بە ژمارەیەک سەربازەوە بنێرێتە باشوری کوردستان، تا پشتیوانی سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆزەکانی کورد بۆ بەرژەوەندی بزوتنەوەکەی بەدەستبهێنێت و لە بەریتانیەکان دووریان بخاتەوە (خواجە: ٤٠/١، جەلال تەقی، ١٩٧٠: ٥١). هەربۆیە، دوای گەیشتنی ناوبراو بە ناوچەی ڕەواندوز لە (١٩١٩/٧/٢٩ز)و پشتیوانیکردنی لە لایەن بەشێک لە سەرۆک هۆز و کەسایەتییەکانی ناوچەکەوە و دواتر پشتیوانیکردنی لە لایەن بەشێک لە سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆزەکانی ناوچەی بیتوێن و کۆیەوە، ئەوەندەی تر کوردەکانی لە بەریتانیەکان دوورخستەوە (خواجە: ٤٠/١، عبدالرزاق الحسنی، ١٩٨٩: ٣٠٦/٢، د.ڕەنجدەر محەمەد عەزیز: ١٤٤-١٤٥). ئەوەش بەریتانیەکانی ناچار کرد، جارێکی تر بە سیاسەتەکانی خۆیاندا بچنەوە و ڕێ و شوێنی نوێ بگرنەبەر (باوەڕ، ٢٠٠٢: ٢١-٢٢).

هاوکات لەگەڵ ئەو دۆخەی باشوری کوردستان، چەندین هەوڵی کوردی بە ئاراستەی نزیکبوونەوە لە هاوپەیمانان و بەتایبەت بەریتانیەکان سەریهەڵدا، لەوانە (عادیلە خانم) لە شارۆچکەی هەڵەبجە پشتیوانی لە سیاسەتی بەریتانیەکان لە ناوچەکە کرد (دبلیو. ار. هاي، ١٩٧٢: ١٧٣/١-١٧٧، د.عزیز الحاج، ١٩٨٥: ٣١٢، بیل: ٧٠). (بابەکر ئاغای پشدەری)ش لە ناوچەی پشدەر هەمان هەڵوێستی نواند (هاي: ١٧٣/١-١٧٧، الحاج: ٣١٢، د.عوسمان عەلی، ٢٠١٣: ١٢٧). مەلای گەورەی شارۆچکەی (کۆیە)ش هەوڵیدا لە ڕێگای حاکمی سیاسی شارۆچکەکەیەوە، بەریتانیەکان ڕازیبکات پشتیوانی لە خەڵکی هەژاری کوردستان و نەتەوەی کورد بکەن. تەنانەت پێی ڕاگەیاندن، کە ئەگەر چاوەڕوانی یەکگرتنی کوردی باشور بن، ئەوا ئەستەمە و نایەتەدی. تەنانەت ئەگەر کوردی باکوریش داوای یارمەتی و هاوکاری و یەکگرتنیان لێبکەن، ئەوا پشتیوانیان ناکەن. هەربۆیە، باشترە خۆیان کورد بپارێزن، نەک چاوەڕوانیان بن (د.عوسمان عەلی: ١١٣-١١٤، ١٢٠). (ئیسماعیل بەگ) میری ئێزدییەکانیش هەوڵیدا نیازپاکی خۆیان وەک ئێزدییەکان نیشانی بەریتانیەکان بدات و خۆیان لێ نزیک بکاتەوە و پێیانڕابگەیەنێت، کە ئەوان زۆریان بەدەست عوسمانییەکانەوە چەشتوە. بەریتانیەکانیش لە دۆخی پێشووی ئەوان و نیازپاکیان تێگەیشتن (کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسلی فرنسی: ١٩-٢٠)، بەڵام بە هۆی ئەوەی بەریتانیەکان گەیشتبوونە ئەوەی، کە ئێزدییەکانیان کەمینەن و هێزێکی شەرکەڕ نین، بۆیە گوێیان بۆ میری ئێزدییان نەگرت (کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا: ٣٦٣/٢). بە هەموو ئەوانەشەوە دەرکەوت، کە پەرتەوازەییەکی تەواو و هەڵوێستی جیا لە ناو سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆز و گەورەی بنەماڵەکان و کەسایەتییە ئاینییەکانی کوردی باشوردا هەیە. هەربۆیە، کۆنترۆڵکردنی لە لایەن بەریتانیەکانەوە کارێکی ئاسان نەبوو، کە دواجار بە زیانی کورد دوایی هات.

لە خۆرهەڵاتی کوردستانی بندەستی وڵاتی ئێرانیش، کە سەردەمی دەسەڵاتی قاجارییەکان بوو، (ئیمسماعیل خانی سمکۆی شکاک/١٨٨٧-١٩٣٠ز) سەرۆکی بەشێکی هۆزی

(شكاك) ئەو دۆخەی دوای جەنگی قۆستەوە لە ساڵی (١٩١٨ز) ڕابەرایەتی شۆڕشێکی ناوچەیی کرد، بەڵام ئەم هەوڵەش بە هۆی ناکۆکی ناوخۆیی هۆزەکەی و دژایەتی بەشێکی خێڵ و هۆزەکانی کورد بۆ شۆڕشەکەی لە لایەک و پەرچەکرداری دەوڵەتی قاجاری لە لایەکی تر، شکستی پێهێنرا (محمد رسول هاوار: ٢٠٠٥، ٢٦١، فاخر حەسەن گولی: ٢٠١٠، ل٣١-٣٣، د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: ل٢٧٧). هاوکات (حافرسان)یش لە ناوچەی هەورامان هەمان هەوڵیدا، بەڵام ئەمیش بە هەمان هۆکارەکانی سمکۆی شوکاک شکستی هێنا (هاوار: ٢٦١، مظفر بهمن سلطان هورامي: ١٣٨٦ه.ش: صص٦٢٦-٦٣٠).

**سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر کورد:** سیاسەتی ئەم دەوڵەتە بەرامبەر بە کورد، دوای جەنگەکە ئاراستەیەکی تری وەرگرت. سەرەتا بە هۆی ئەو شکستەی لە جەنگەکەدا دووچاری هات و لە (١٩١٨/١٠/٣٠ز) بە ناچار (ڕێککەوتنامەی مۆدرۆس) واژۆکرد، چاوی وڵاتانی براوەی جەنگی کەوتەسەر، تا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دابەشبکەن (جليلي جليل واخرون، ١٩٩٢: ١٢٦، الطالباني: ٢٨١، د.حوسێن محەمەد عەزیز: ٧٢). هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا (مستەفا کەمال/١٨٨١-١٩٣٨ز) هاتەوە مەیدان و بە ناوی ڕزگارکردنی وڵات لە داگیرکەرە بێگانە مەسیحییەکان، کە مەبەستی وڵاتانی هاوپەیمان بوو، کەوتەکار و زۆرێک لە کوردەکانی لەخشتەبرد، کە لەژێر کاریگەری ئاینی ئیسلام شوێنیکەوتن و پشتیوانیانلێکرد (د.حوسێن محەمەد عەزیز: ٧٣، بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٥٠، د.ڕەنجدەر محەمەد عەزیز: ١٤٤). ئەو دۆخەش لە بەرژەوەندیی (مستەفا کەمال) گەڕاو توانی بە ماوەیەکی کەم سەرنجی زۆرێک لە سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆزەکانی کورد و دانیشتوانی ئەو ناوچانە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و پشتیوانی لە هەنگاوەکانی بکەن.

لە لایەکی دیکەوە سوڵتانی عوسمانی، لەگەڵ ئەو دۆخەی تێیکەوتبوو، هەوڵیدا سەرنجی کوردەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و سۆزیان بەدەستبهێنێتەوە. ئەوەش دوای ئەوەی داواکەی (شێخ عەبدولقادری شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان) و چەند کەسایەتییەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی دیکەی قبوڵکرد، تا مافی سەربەخۆیی بە کوردەکانی سنوری دەوڵەتەکەی بدات، بەو مەرجەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بێت (بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٣٤، الداقوقي: ١٢٠-١٢١). ئەو بڕیارەش دوای ئەوە هات، کە (شێخ عەبدولقادری شەمزینی، شێخ سەعیدی پیران، سەعیدی نەورەسی) و بەشێک لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان و شوێنکەوتوانی ئەو کەسایەتییە ئاینی و کۆمەڵایەتییانە، (مستەفا کەمال)یان بە کەسایەتییەکی ساختە و لە خشتەبەر ناوبرد و دژی وەستان (بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٥٦).

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانە، سوڵتانی عوسمانی داوای لە (مستەفا کەمال) کرد کۆتایی بەو ئەرکەی لە خۆرهەڵاتی وڵات بهێنێت، کە پێشتر پێ سپاردبوو. بەڵام داواکەی ڕەتکرایەوە و لە بەرواری (١٩١٩/٧/٨ز) وازهێنانی خۆی لە ئەرکەکانی دەوڵەت گەیاندە سوڵتان و داوای وازهێنانەکەی ناردە ئەستانیۆڵ (مجموعة من الباحثين السوفيت: ٢٠٠٧، ٣٨). بەو ڕووداوەش

(دوو) مەڵبەندی دەسەڵات دروستبوو. یەکەمیان لە شاری (ئەستانبۆڵ) و مەڵبەندی سوڵتان و دەوڵەتی عوسمانی و دووەمیان لە شاری (ئانکارا) و مەڵبەندی (مستەفا کەمال) بوو (هەمان سەرچاوە: ٣٦، ٥٥-٥٦). بەو هۆیەوەش کورد بۆ (دوو) بەرەی دژ بەیەک، جیاواز دابەشبوون، جیاواز لە بەرەیەکی کەمی نزیک لە هاوپەیمانان.

**سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر کورد:** لە ساڵانی یەکەمین جەنگی جیهانی تا ساڵی (١٩٢٥ز) بنەماڵەی قاجاری دەسەڵاتداری وڵاتی ئێران بوون. هەربۆیە باسکردن و ئاماژەدان بە سیاسەتی وڵاتی ئێران لەسەر کورد لەو ماوەیەدا، پەیوەست بوو بەو بنەماڵەیەوە (د.عبدالسلام عبدالعزیز فهمي، ١٩٧٣: ٦٠-٦١، د.کمال مظهر احمد، ١٩٨٥: ١٢٧، د.فرح صابر، ٢٠١٣: ١٨٢-١٨٣). ئەو دەوڵەتە لەگەڵ ئەوەی خاکی کوردستان بەشێکی دەوڵەتەکەی پێکهێنابوو، کوردیش بەشێک لە پێکهاتەکانی وڵاتەکەی بوو، بەڵام ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر کۆی گشتی ڕووداوەکانی ناوچەکە کەم نەبوو. کاتێکیش بەریتانیەکان گەیشتنە باشوری کوردستان و لە سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆز و دانیشتوانی ناوچەکە نزیک بوونەوە، زیاتر چاوی ئێرانیەکان لەسەر ناوچەکە چربوویەوە، بەو هیوایەی کاریگەری هاتنی بەریتانیەکان لەسەر دانیشتوانەکەی کەمبکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە لە بڕیارێکیدا پەیوەندی نێوان کوردەکانی سنوری دەسەڵاتی لەگەڵ کوردی باشوری کوردستان قەدەغە کرد و هەموو ئەوانەشیان بە نایاسایی دانا، کە هەر جۆرە پەیوەندی و پشتیوانیەک لە هەوڵ و خەباتی کوردانی باشور دەکەن. هەروەها سزای ئەوانەشیدا، کە ڕایەڵەی ئەو پەیوەندیە بوون (کەمال نوری مەعروف، ٢٠٢٠: ١٦٧-١٧٠، هەروەها بڕوانە پاشکۆی بەڵگەنامەکان، بەڵگەنامەی ژمارە ١). لەپاڵ ئەوەشدا سەدان سیخوڕی ناردە شار و ناوچەکانی باشوری کوردستان، تا چاودێری هاتوچۆی ئەوانە بکەن، کە لە وڵاتەکەیەوە دزە دەکەنە باشوری کوردستان و پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشەکانیان دروست دەکەن. هەروەها چاودێری پەیوەندی و جموجوڵ و هەواڵی چالاکی بەریتانیەکان بە کوردەوە بکەن. دواتر کۆی ئەو هەواڵ و زانیاریانە ڕەوانەی دەزگا و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی وڵاتەکەیان بکەن (کەمال نوری مەعروف، ٢٠٢٠: ١٧٧-١٨٠). هەموو ئەوانەش بۆ ئەوەبوو، کە ڕووداوەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی و دەرەوەی کار لە یەکتر نەکەن. بەو حاڵەشەوە، وەک لە بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی ناوخۆی ئێراندا هاتوە، کە شێخەکانی ناوچەی بانە و سەقز، پشتیوانیان بۆ (شێخ مەحمود) دەربڕیووە و پشتیوانی هەر هەوڵێکی سەربەخۆخوازی بوون (کەمال نوری مەعروف، ٢٠٢٠: ١٥٨-١٦٢، هەروەها بڕوانە پاشکۆی بەڵگەنامەکان، بەڵگەنامەکانی ژمارە-٢).

لە لایەکی دیکەوە (فەیروز میرزا) ناسراو (نەسرئەلدولە) وەزیری دەرەوەی ئێران، هەوڵیدا بە ناوی دروستکردنی هەرێمێکی یەکگرتووی کوردی، لە بەشێکی خاکەکەی و ویلایەتە کوردنشینەکانی ناو سنوری دەوڵەتی عوسمانی، بەشێک لە سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆزەکانی کورد لەخشتە ببات و لە بیری شۆڕش و سەربەخۆیی و نزیکبوونەوە لە هاوپەیمانان

دووربکەنەوە. (علی أصغر شمیم، ١٣٨٤ه.ش: ٦٠٣، د.عثمان علی: ٣٧٥). ئەوەش تا ئاستێک کاریگەری لەسەر ڕاکێشانی بەشێک لە سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆزە کوردەکانی خۆرهەڵات هەبوو، تا لە دەوڵەتەکەی دوورنەکەونەوە.

**سیاسەتی دەوڵەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد:** کاتێکیش ئاوڕ لە سیاسەتی بەریتانیا ئەدەینەوە، لە دوای کۆتایی هاتنی یەکەمین جەنگی جیهانی، دەگەینە ئەوەی، کە خودی ئەوان کەوتنە سەودا و مامەڵە لەسەر دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی و بە تایبەت ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانی ئەرمەنی و کورد بوون (شرفکندی: ٥٧). دیارە دەوڵەتی بەریتانیا زۆر پێشتر چاوی تەماعی خستبووە سەر چەندین ناوچەی دەوڵەتی عوسمانی. بە تایبەت ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ دەوڵەتانی (فەرەنسا و ڕوسیای قەیسەری) لە (١٩١٦/٥/١٧ز) واژۆیکرد و دواتر بە ڕێککەوتنامەی (سایکس-بیکۆ) ناسراو کۆتایی هات (حمید احمدی، ١٣٦٩ه.ش: ٣٣١-٣٣٥). یەکێک لەو ناوچانەش هەر (سێ) ویلایەتی (بەسرە، بەغداد و موسڵ)ی عوسمانی بوو، تا داگیرکار کاری نوێیان دروستبکات، کە سەر بە دەسەڵاتەکەی بێت لە هیندستان و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئەوێی بکات. بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیازی (پرسی کۆکس) بۆ فەرمانڕەوایی ئەو داگیرکارییە نوێیە کرا (بیل: ١٢، د. زکی صالح، ١٩٥٣: ٩، احمد رفیق البرقاوی، ١٩٨٠: ١٣).

بەریتانیەکانیش بەو ئەزموونەی لە فەرمانڕەوایی وڵاتی هیندستانیان هەبوو، بەوە گەیشتبوون، کە دەسەڵاتدارییان لە عێراق و باشوری کوردستان قورس نابێت(ناسر و ئەوانی تر: ٣٩٢-٣٩٣)، چونکە پێیانوابوو، گواستنەوەی هەمان ئەزموونی بەڕێوبەرییان لە وڵاتی هیندستان و بە تایبەت ناوچەکانی باکور خۆرهەڵاتی، خزمەت بە مانەوەیان و بەرژەوەندییەکانیان دەکات. ئەوەش بە ڕاکیشانی خێڵ و هۆزەکان و دواتر پەرتەوازەکردنیان و بەگژیەکدا دانیان. ئەوەش ڕای (لۆرد کرزون) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو(البرقاوی: ١٧، د.عثمان علی: ٢٩٠-٢٩١). هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، ویستیان کەڵک لە (شێخ مەحمود) وەربگرن، تا لەو پێگە و دەسەڵاتەی لەساڵی (١٩١٨ز) پێیاندا، بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکە بپارێزن، بەڵام کاتێک گەیشتنە ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییان کارناکات، لێیاندا. هۆیەکەش ئەوەبوو، بەریتانیەکان زۆر زیاتریان لە (شێخ مەحمود) ڕادەبینی، بەڵام کەمتریان لێ دەسکەوت، بۆیە پەراوێزیان خست(واحد عومەر محێدین، ٢٠٠٦: ٢٦-٢٧). هەر ئەوەش وایلێکردن لە جێگای (مێجەر نۆئێل)، (مێجەرسۆن) بکەنە ڕاوێژکاری سیاسی (شێخ مەحمود)، چونکە (مێجەرسۆن) لەگەڵ ئەوەی ئەزموونێکی پێشتری لە ناو کۆمەڵگای کوردی هەبوو، لای کوردەکان بە (میرزا غولام حوسێن) ناسرابوو(خواجە: ٢٨/١، باوەڕ، ٢٠٠٢: ١١)، دژی حکومەتەکەی (شێخ مەحمود) و قەوارەیەکی سیاسی بوو بۆ کورد(د. حوسێن محەمەد عەزیز: ٨٥، شوانی: ٩٦). هەروەها نزیکایەتی لەگەڵ (عادیلە خانم) هەبوو لە ناوچەی هەڵەبجە، کە نەیاری (شێخ مەحمود) بوو(هاي: ١٧٣/١-١٧٧، الحاج: ٣١٢). هەربۆیە، هاننی (مێجەرسۆن) لە (٢٤ی نیسانی١٩١٩ز) بۆ شاری سلێمانی،

ئاڵوگۆری لە سیاسەتی دەوڵەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد و دەسەڵاتەکەی (شێخ مەحمود) کرد، کە دواجار بە لێدانی دوایی هات(حیلمی: ١٠٨١/٧). دیارە لەگەڵ ئەوەی (مێجەرسۆن) بە دژی دەسەڵاتەکەی (شێخ مەحمود) ناوزەدکرا، بەڵام دەیویست لە سلێمانی و دەوروبەری دەسەڵاتی دامەزراوەی دروستبکات و لە دەستی سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆزەکان دەریبهێنێت، چونکە بە زیان بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی و تەنانەت داهاتووی کوردیشی دەبینی(ئەحمەد باوەڕ، ٢٠٠٤: ٢١، ناسر و ئەوانی تر:٩٠-٩١، د.عثمان علی: ٣٣٠)، بەڵام سوود لەو ئەزموونەی وەرنەگیرا، تا دواجار بە لەدەستدانی هەلێک بۆ کوردی باشور دوایی هات.

لە لایەکی دیکەوە، نابێت ئەوەش لەیادبکەن، کە سیاسەتی دەوڵەتی بەریتانیا بۆ بەرزکردنەوەی دروشمی سەربەخۆیی و پشتیوانی لە کوردی باشوری کوردستان، لە خەمی بۆ کورد و داهاتوویان نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوەبوو ویلایەتی موسڵ بۆ خۆی ببات و لە دەوڵەتی فەڕەنسای هاوپەیمانی دایببڕێت، چونکە لە ڕێککەوتنامەی (سایکس-بیکۆ)دا بەشی دەوڵەتی فەڕەنسا بوو(شرفکندی: ٦٨، د.خلیل اسماعیل محمد: ٤٧). هەروەها ڕێگری لەو بانگەشانە بکات، کە هەریەک لە ئەمریکیەکان و بەلشەویکەکان کاریان لەسەر دەکرد. ئەمە، جگە لەوەی کوردەکان نەکەونە ژێر کاریگەری بانگەشەکانی (مستەفا کەمال)، کە تا ئەو کات دیدگا و ئایندەکەی بۆ بەریتانیەکان ڕوون نەبوو(د.عثمان علی: ٣٥٦).

**سیاسەتی دەوڵەتی فەڕەنسا بەرامبەر بە کورد:** فەڕەنسیەکانیش لەو دەمەدا، کاریان لەسەر ئەوە دەکرد، کە ڕێگری لەو هەوڵە بەهێزەی بەشێک لە کوردەکان بکەن، کە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی کاریاندەکرد(کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسلی فرنسی لە بەغداد: ٤٢). هەروەها ئامادە نەبوون پێشوازی و پشتیوانی لەو ئەفسەرە کوردانە بکەن، کە خزمەتیان بە سوپای عوسمانی کردبوو(هەمان سەرچاوە: ٢٠). هۆکارەکانیش چەند لایەنە بوون، دیارترینیان ئەوەبوو، کە فەڕەنسیەکان نەیاندەویست ئەوەی لەکاتی جەنگ و دوای جەنگ بەدەستیانهێناوە لەدەستیانبچێت. هەروەها لەگەڵ دۆستە هاوپەیمانەکانیشیان بیکەنە کێشە.

**سیاسەتی دەوڵەتی ڕوسیا:** سیاسەتی ئەم دەوڵەتەش لە دوای جەنگ پێچەوانەی ساڵانی جەنگ بوو. هۆیەکەش دیاربوو، بەوەی لە (٢٥ی ئۆکتۆبەری١٩١٧ز)ی دەوڵەتی ڕوسیای قەیسەری کۆتایی پێهات و دەسەڵاتی بەلشەویکەکان شوێنیانگرتەوە. تەنانەت بەپێی ڕێککەوتنامەی (بریست لیتوفسک)، کە لە (١٩١٨/٣/٣ز) لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و بەلشەویکەکان واژۆکرا، سوپای ڕوسیا بۆ ئەو شوێنانەی پاشەکشەیانکرد، کە پێش دەستپێکردنی جەنگەکە لێیبوون(گوران سلام محمد، ٢٠١٨: ٢٢). جیاوازی ئەم گۆڕانکاریە سیاسیەش لە وڵاتی ڕوسیادا ئەوەبوو، کە ڕوسەکان لە ساڵانی جەنگدا بە هۆی ئەو شاڵاوانەی کردبوویانە سەر بەشێکی خاکی کوردستان، لە ناوچەی موکریان تا کرماشان هاتن و لەوێشەوە پەڕینەوە شارۆچکەی (خانەقین) و داگیریانکرد، کۆمەڵکوژی و تاڵانیان تێدا ئەنجامدا (شمیم: ٥٦٣-٥٦٤، د.کمال مظهر

احمد، ١٩٨٤: ١٦٠-١٦٥، بيل: ٥٢-٥٣). ئەمە، جگە لەوەی لە ناوچەی موکریانەوە گەیشتنە ناوچەی باڵەکایەتی و ڕەواندوز و لە ناوچەی بانەشەوە گەیشتنە شارۆچکەی پێنجوێن و لە ناوچەی مەریوانیشەوە تا هەورامانی سەخت هاتن(هورامی: صص٦١٨-٦١٩). لە هەموو ئەو ناوچانەش تالآنییانکرد و بەو هۆیەوە یادەوەری خراپیان لەسەر کۆی ناوچەکان و خەڵکەی دروستکرد(شميم: ٥٦٥-٥٦٦، د.كمال مظهر احمد، ١٩٨٤: ١٦٥-١٧٣)، بەڵام دوای کەوتنی ئەوان و سەرکەوتنی بەلشەویکەکان بۆ دەسەلآت، لەگەڵ ئەوەی لە جەنگەکە کشانەوە، گۆڕانکاری لە سیاسەتیاندا هاتەئاراو. لە بانگەشەیەکیاندا دژی هەر داگیرکاریەک بەسەر نەتەوە و گەلە ژێر دەستەکانەوە وەستان(شرفكندى: ٦٨)، بەڵام ئەم بانگەوازە، وەک پێویست بۆ ناو کۆمەڵگای کوردی و خێڵ و هۆزەکانی کورد شۆڕنەبوویەوە. بە تایبەت دوای ئەوەی کۆمەڵگای کوردی لە ڕابردوو و بە تایبەت لە ساڵانی جەنگدا، کەمیان بەدەست ڕوسەکانەوە نەچەشتبوو(بيل: ٥٢-٥٣).

**کۆنفرانسی ئاشتی پاریس(١٩١٩ز):** بەر لە پەیمانی سیڤەر، یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە دوای جەنگ، کاری بۆ کرابێت، (کۆنفرانسی ئاشتی پاریس) بوو. ئەم کۆنفرانسە لە ڕۆژانی (١٨-١٩١٩/٣/٢٢ز)و لە شاری (پاریس)ی پایتەختی وڵاتی فەرەنسا بەسترا(احمد فوزى، ١٩٦١: ٧٧-٧٨، البياتي: ١٢٥/١). ئامانج لێی هەڵسەنگاندنی جەنگەکە و کۆتاییەکەی و سەرکەوتنی هاوپەیمانان و شکستی دەوڵەتانی ناوەند و ئایندەی جیهان بوو(د.هیوا حەمید شەریف، ٢٠٢٢: ٦١). یەکێک لە باسەکانیشی ناکۆکی هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و فەرەنسا بوو لەسەر چارەنوسی ویلایەتی موسڵ. تیایدا فەرەنسیەکان لە ڕێگای سەرۆکی شاندەکەیان (ئەلیکساندەر میللیران)ی سەرۆک وەزیرانیانەوە داوای (٥٠٪) نەوتی ویلایەتەکەیان لە حکومەتی بەریتانیا کرد. لە کاتێکدا بەریتانیەکان لە ڕێگای (لوید جۆرج) سەرۆک وەزیرانیانەوە، کە سەرۆکی شاندەکەیان بوو، (٢٥٪) نەوتەکەی بۆ ئەوان دیاریکردبوو، بۆ ئەو بابەتە، چەند هۆکار و کێشەی هێنابوویەوە. دواجار کۆنفرانسەکە ئەو بابەتەی بۆ چارەسەرنەکرا. هەربۆیە چارەنوسی ویلایەتەکە بە هەڵپەسێردراوی مایەوە(د.ڕەنجدەر محەمەد عەزیز: ١٠٣). هەر لەم کۆنفرانەشدا (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) وەک کۆمەڵەیەکی کوردی (جەنراڵ شەریف پاشا)یان بۆ نوێنەرایەتی خۆیان پێشنیازکرد(مارف عومەر گول، ١٩٩٦: ٢٨، عبدالرزاق علي محمد، ٢٠١٣: ٩٨، د.هیوا حەمید شەریف: ٦٢). ئەوەش بە هۆی ئەوەی زمانەکانی (ئینگلیزی، فەرەنسی) بە باشی دەزانی و خۆیشی نیشتەجێی شاری (پاریس) بوو(محمد صالح حسن، ٢٠٠٥: ١٣٣). ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە دەوڵەتی عوسمانیش لە کۆبوونەوەیەکی سەرانی (کۆمەڵەی یەکیەتی و پێشکەوتن)، کە لە (١٩١٩/١/١٦ز) لە شاری (جنیف)ی سویسرا بەسترا، دیسانەوە (جنراڵ شەریف پاشا)یان بۆ نوێنەرایەتی وڵاتەکەیان دیاریکرد(گویلداش: ٢٧٧، د.هیوا حەمید شەریف: ٦٤). هەربۆیە (شەریف پاشا) لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و کورددا، دەبوایە هاوسەنگی ڕابگرێت. ڕاستە، دواجار وەک نوێنەرایەتی دەوڵەتی عوسمانی دەرکەوت(گویلداش: ٢٨١، د.هیوا حەمید شەریف: ٦٦)، بەڵام وەک کوردێکیش داکۆکی لە ماف و داخوازی کوردەکانی ناو دەوڵەتەکە و دەرەوەی کرد(د.نەجاتی عەبدوڵلا، ٢٠١٨:١ ،٣٥٧/-

٣٦٨، د.هیوا مەجید شەریف: ٦٦). هەروەها (شێخ مەحمود)یش دوای ڕەزامەندی بەریتانیەکان (دوو) کەسی بە ناوەکانی (سەید ئەحمەدی بەرزنجی و ڕەشید زەکی کابان) وەک نوێنەرایەتی خۆی بۆ کۆنفرانسەکە دیاریکرد، تا لەڕێگای (جنراڵ شەریف پاشا)ەوە دەنگ و داخوازی کورد بگەیەننە ئەوێ(خواجە: ٢٢/١)، بەڵام ئەو هەوڵەش بە هۆی درەنگ پێ ڕاگەیشتنی نوێنەرەکانی (شێخ مەحمود)و تێکچوونی پەیوەندی نێوان (شێخ مەحمود) و بەریتانیەکان، بێ ئەنجام ما (کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسلی فرنسی لە بەغداد: ١٨–١٩، نەجاتی عەبدوڵلا، ٢٠٠٦: ١٣١–١٣٦).

ئەمە، نابێت ئەوەش نادیدەبگرین، کە (جنراڵ شەریف پاشا) بەو دۆخەی تێدابوو، توانی لەگەڵ (بوغوس نوبار) سەرۆکی شاندی ئەرمەنیەکان لەو کۆنفرانسە ڕێککەوتنامەیەکی ئاشتی لە (١٩١٩/١١/٢٠ز) واژۆبکەن، تا بەیەکەوە کار بۆ دەستبەرکردنی مافی هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن لە ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی بکەن(د.ابوبکر عثمان، ٢٠٠٢: ١٣٤، فارس عثمان، ٢٠١٣: ٧٧). ئەو هەوڵەش بۆ ئەوەبوو، تا کۆتایی بەو ناکۆکی و کێشانە بهێنن، کە بە هۆی کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان لە نێوان سالآنی (١٩١٥–١٩١٦ز) سەریهەڵدا(د.کمال مظهر احمد، ١٩٨٤: ٢٣٥–٣٠٢، فارس عثمان: ٥٧–٦٦) بەڵام ئەو هەوڵەش لە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە دژایەتیکرا، چونکە خۆی هۆکاری سەرەکی کۆمەڵکوژیەکە بوو، بۆیە بێ ئەنجام ما. ئەوەش دوای ئەوەی عوسمانیەکان لە پاڵ دیاریکردنی (جنراڵ شەریف پاشا) وەک نوێنەری خۆیان، دەستەیەکی تریان لە کوردەکان ڕەوانەی کۆنفرانسەکە کرد، تا وا نیشانی ئەندامانی بەشداربوو بدەن، کە کوردەکان هاوسۆزیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەیە، نەک هاوپەیمانان. (شرفکندی: ٦٤، د.هیوا حەمید شەریف: ١٩).

هەر لەو کۆنفرانسەدا (نەسر ئەلدەولە) وەزیری دەرەوەی ئێران، کە سەرۆکی شاندی وڵاتەکەی بوو، داوای لە نوێنەری دەوڵەتی بەریتانیا کرد، پشتیوانی دەوڵەتەکەی بکات لە دروستکردنی هەرێمێکی یەکگرتووی کوردی، کە تیایدا ناوچە کوردیەکانی وڵاتەکەی و ویلایەتە کوردیەکانی ناو سنوری دەوڵەتی عوسمانی، بەیەکەوە ببەستێتەوە و بخرێتە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێرانەوە. بۆ ئەوەش پەیوەندی نەژادی و کۆمەلآیەتی و ئابوری و تەنانەت ئاینی و ئاینزای لە نێوان وڵاتەکەی و کورددا هەیە. بەڵام ئەم داوایە لە لایەن بەریتانیەکان ڕەتکرایەوە(د. عثمان علی: ٣٧٥). هەر ئەوەش وایکرد دەوڵەتی ئێران کار بۆ ئەو بکات، دەنگی ناڕەزایی و خۆپیشاندان و ڕاپەڕین و شۆڕش لە ناو خاکی عێراق و هەر (سێ) ویلایەتی عوسمانی بەرزبێتەوە. تا بەریتانیەکان لەو ناوچانە شکستبهێنن و پاشەکشەبکەن. هەروەها کاری بۆ ئەوە کرد، (بەغداد و ئانکارا) بەهێز نەبن، تا بە قازانجی دەوڵەتەکەی تەواو بێت(ناسر و ئەوانی تر: ٤٤٧–٤٤٨). ڕاستە، ئەو هەوڵانەش هەموو شت نەبوون، بەڵام بێ کاریگەریش نەبوون لەسەر دروستکردنی ئاستەنگ بۆ دۆزی کورد و چوونەپیشەوەی.

## تەوەری دووەم

## ناساندن و تێڕوانینەکان بۆ (پەیمانی سیڤەر) و ماددەکانی (٦٢-٦٣-٦٤)

**ناساندنی پەیمانی سیڤەر:** یەکێک بوو لەو پەیمان و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیانەی لە (١٠ی ئابی١٩٢٠ز) لە شارۆچکەی (سیڤەر)ی نزیک شاری (پاریس) لە نێوان دەوڵەتانی (بەریتانیا، فەڕەنسا، تورکیا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، ئەرمەنستان، بەلجیکا، یۆنان، پۆڵەندا، پورتوگال، ڕۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلوانیا، چیکۆسلۆفاکیا، حیجاز) واژۆکرا. (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا)ش وەک چاودێر دانرا. هەروەها یەکەمین پەیمانی نێودەوڵەتیش بوو، کە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی خستە ناو (سێ) ماددە لە کۆی (٤٣٢) ماددەی پەیماننامەکە، کە ئەوانیش ماددەکانی (٦٢ – ٦٣ – ٦٤) بوو (باوەڕ، ٢٠٠٤: ٣٣، د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: ٢٣٥، مستەفا مەولوودی: ٥٧-٥٨).

ئامانج لە بەستنی کۆنگرەکەش، بۆ پەیمان و واژۆکردن بوو لەسەر کۆمەڵێک ماددە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وڵاتانی هاوپەیمانان بوو، کە بە وڵاتانی براوەی جەنگ ناسرابوون. تا لە ڕێگای پەیماننامەیەکەوە بەشی خۆیان لە خاک و سامانی دەوڵەتانی دۆڕاوی جەنگ وەربگرن. هەروەها دوای جەنگ بە خۆیاندا بچنەوە و پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنامانەی پێشوودا بکەن، کە لە کاتی جەنگدا واژۆکراون، لە دوای جەنگ کاریگەریان لاوازببوو(د.خليل اسماعلى محمد: ٩٤).

**دەقی ماددەکانی پەیمانی سیڤەر تایبەت بە کورد:** ئەو ماددانەی تایبەت بوون بە کورد و مافەکانی (سێ) ماددە بوون، ئەوانیش:

**ماددەی (٦٢):** ''لیژنەیەک لە (سێ) ئەندام پێکدەهێنرێت لە (بەریتانیەک و فەڕەنسیەک و ئیتاڵیەک)، کە حکومەتەکانیان دیارییاندەکەن و نوێنەرێکی کوردیشیان لەگەڵ دەبێت. مەڵبەندی لیژنەکەش شاری (ئەستانبۆل) دەبێت، تا لە ماوەی (٦) مانگدا کۆبوونەوە ئەنجامبدەن و ڕاپۆرتێک لەبارەی مافی فەرمانڕەوایەتی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانەی زۆرترینی دانیشتوانی کوردن ئامادەبکەن. ناوچەکانیش دەکەونە باشوری ئەرمینیا و خۆرهەڵاتی فورات لە باکوری سنوری سوریا و میسۆپۆتامیا، کە لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (٢٧)ی پەیماننامەکەدا هاتوە. هەروەها ئەگەر هەر یەک لە ئەندامانی لیژنەکە بڕیاریان لەسەر کێشەیەک لە کێشەکان نەدا، ئەوا بۆیان هەیە، کێشەکە بەرەو ڕووی حکومەتەکانیان بکەنەوە. هەر لەم پرۆژەیەشدا، پێویستە مافی پاراستنی ئاشوری و کلدانیەکان و کەمایەتیە نەتەوەیی و ئاینییەکان زامنبکرێت، کە لە خاکی کوردستاندا دەژین. هەروەها لیژنەیەک لە بەریتانیەک، فەڕەنسیەک، ئیتاڵیەک، فارسێک و کوردێک بۆ مەبەستی پێشوو بۆ ناوچەکە دەنێردرێت. ئەو لیژنەیەش لە توانایاندا هەیە، گۆڕانکاری لە سنوری تورکیادا بکات، بە مەرجێک لەگەڵ بەندەکانی پەیماننامەکە و سنوری ئێراندا بگونجێت''.

**ماددەی (٦٣):** ''دەوڵەتی عوسمانی پەیمان دەدات لە ماوەی (سێ) مانگدا، سەرجەم بڕیارەکانی ماددەی (٦٢) لە بەرنامەی کاری لیژنەکان دوای دەرچوونی بڕیارەکانی لیژنەی تایبەت بە ماددەکە جێبەجێبکات''.

**ماددەی (٦٤):** ''ئەگەر زۆربەی گەلی کورد لەو ناوچەیەی، کە لە ماددەی (٦٢)دا دیاریکراوە لە ماوەی ساڵێکدا ڕوویکردە کۆمەڵەی نەتەوەکان و زۆرترینی دانیشتوانی ناوچەکە ئارەزووی جیابوونەوەیان لە تورکیا کرد. ئەگەر کۆمەڵەی گەلانیش زانی ئەو گەلە شایەنی ئەو سەربەخۆییە، ئەوا ئامۆژگاری تورکیا دەکات و تورکیاش پەیمان دەدات واز لە هەموو مافەکانی لە ناوچەی ناوبراودا بهێنێت. لە هەمانکاتدا هێزە هاوپەیمانەکان هیچ کۆسپێک ناخەنە بەردەم ئەو ڕێگایە. تەنانەت ئەگەر ئەو قەوارە کوردیە ئارەزوومەندی یەکگرتنی کرد لە بەشی ویلایەتی موسڵ یان بەپێچەوانەوە''(شیرکۆ: ١٩٨٧-٨٨، بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ١٠٧-١٠٨، د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: ٢٣٦-٢٣٧، مەولوودی: ٥٨-٥٩).

کاتێکیش بە ناو دەقی هەر (سێ) ماددەکەدا ڕۆدەچین، دەگەینە ئەوەی، کە واتای (ئۆتۆنۆمی)، وەک لە ماددەی (٦٢)ی پەیمانەکەدا هاتبوو، واتای گواستنەوەی دەسەڵات بوو بۆ سەربەخۆیی (د.احمد عطية الله، ١٩٩٨: ٤٧٢-٤٧٣). ئەوەش پێچەوانەی خواستی عوسمانییەکان بوو لەو کاتەدا، کە دەبوایە لە ماددەی (٦٣)دا کاری بۆ بکەن(هاكان اوزاغلو، ٢٠١٦: ١٤٦-١٤٧). خاڵێکی تر، کاتێک ئاماژە بەو سنورە دراوە، کە لە ماددەی (٦٢)دا هاتوە، پێچەوانەی ماددەی (٢٧)ی هەمان پەیمانە، ئەویش دەوڵەتی تورکیای بە خاکی میسۆپۆتامیای عەرەبی دیاریکردوە، وەک ئەوەی ئەو سنورە خاکێکی کوردنشین نەبێت(بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٨٨-٩١)! بەڵام لە ڕووی یاساییەوە، ئەگەر ماددەیەک دوای ماددەیەکی تر کەوت، ئەوا ماددەکەی دواتر ماددەکەی پێشوو پەراوێز دەخات. لەگەڵ ئەوەشدا بوونی مادەی (٢٧) لە پێش ماددەی (٦٢) ئەوەی دەخواست، کە لە هەر ساتێکدا وەک ماددەیەکی یاسایی دژی کورد و خاکەکەی بەکاربهێنرێت.

**تێڕوانینی هاوپەیمانان لە پەیمانەکە:** مەبەستی سەرەکی لە وڵاتانی هاوپەیمان، تەنیا هەردوو وڵاتی (بەریتانیا و فەڕەنسا) بوو، کە لەو کاتەدا زیاتر لە وڵاتەکانی تر، سەنگ و پێگە و بەرژەوەندییان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و خاکی کوردستان هەبوو. ئامانجی ئەوانیش لە پشتیوانیکردنی پەیمانی سیڤەر و پشتیوانی لە کورد و ئەو قەوارەیەی لە ماددەی (٦٣)دا هاتبوو، لەگەڵ لاوازکردنی دەوڵەتی عوسمانی، پشتیوانیش بوو لەو هەوڵ و هەماهەنگیەی نێوان کورد و ئەرمەنیەکان، کە لە کۆنفڕانسی ئاشتی پاریسدا کاری لەسەر کرابوو. هەروەها خودی دەوڵەتی بەریتانیاش ئامانجی ئەوە بوو، ئەو پەیمانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەکاربهێنێت(الطالبانی: ٢٧٢-٢٧٤).

بەپێ ماددەی (٦٢)ش پێویست بوو نوێنەری وڵاتانی (بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا) ڕاپۆرتی خۆیان بۆ دەوڵەتەکانیان لەسەر دۆخی ناوچەی ماددەی (٦٢) بەرزبکەنەوە، تا لە دۆخی ناوچەکە و ڕێژەی دانیشتوان و پێکهاتەکانی و ڕای خەڵکەکە لەبارەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی وەربگرن. بەڵام ئەو کارەیاننەکرد و ئەنجامنەدرا(بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٤٩). ئەوەش کەمتەرخەمیەکی وڵاتانی هاوپەیمانان و ئەو (سێ) دەوڵەتە بوو، کە ڕۆڵیان لە

دارشتنی خودی ماددەکەدا هەبوو. بە واتایەکی تر، زۆربەی ئەندامانی بەشداربووی پەیمانەکە، کاریان بە ماددەکانی نەکرد(نەوزاد عەلی ئەحمەد: ١٣). هەربۆیە دەکرێت بڵێین، هاوپەیمانان پەیمانی سیڤەریان بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپاند(مجموعة من الباحثين السوفيت، ص٤٨)، نەک بەوەی کارێک بۆ کورد بکەن و لە ژێردەستەیی ڕزگاری بکەن.

**تێڕوانینی دەوڵەتی عوسمانی بۆ پەیمانەکە:** کاتێکیش دەمانەوێت تێڕوانینی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەم (سێ) ماددەی پەیمانەکە بخەینەڕوو، دەگەینە ئەوەی، کە ئەو ماددانە بە زیانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، چونکە بەر لە هەر شتێک خاکی ناو دەوڵەتەکەی دابەشدەکراو لە ناو ئەو خاکەدا قەوارەیەکی کوردی دروستدەکرا(مەولوودی، ل٦٨-٦٩)، بەڵام بەو پێیەی دەوڵەتی عوسمانی بە شکست لەو جەنگە جیهانیە دەرچووبوو، هەروەها دوای جەنگیش ڕووبەڕووی نەیارێکی ناوخۆیی بووەوە، کە (مستەفا کەمال) بوو، بۆیە سوڵتان و دەوڵەتی عوسمانی لە ناچاریان بوو، بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخانە، سازش بۆ هاوپەیمانان بکەن. تا لە بیانووی ئەوان و پشتیوانیان لە (مستەفا کەمال) دووربکەونەوە. هەروەها کوردەکانی والێبکەن، ڕووبکەنەوە دەوڵەتەکەیان.

نابێت ئەوەش نادیدەبگرین، کە ئەو بەڵێنەی (سوڵتان وەحیدەدینی عوسمانی) پێشتر بە (شێخ عەبدولقادری شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان) و پۆلێک لە کەسایەتی کوردی دابوو، لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە خودی سوڵتان و سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانیش، نیەت و نیازی ئەوانی خوێندبوویەوە و زانیبوویان، کە سۆز و نزیکایەتی بەهێزیان بۆ دەوڵەت و سوڵتانی عوسمانی هەیە. پێیانوابوو، لە دیدگای ئەوانەوە، لەو قۆناغەدا بۆ کورد باش نییە لە دەوڵەتی عوسمانی جیابێتەوە، کاتێک دەوڵەتەکە مافی سەربەخۆیی بە کوردی ژێر دەسەڵاتی ببەخشێت(اوزاغلو: ١٤٦-١٤٧). هەروەها پێیانوابوو، کە کوردەکان ترسیان لەوە هەیە، بە جیابوونەوەیان لە دەوڵەتی عوسمانی، بکەونە ژێر دەسەڵاتی وڵاتانی هاوپەیمانان و نزیک لە ئەرمەنەکان و تۆڵەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنیەکانیان لێدەکەنەوە، کە لە نێوان ساڵانی (١٩١٥-١٩١٦ز) و لەسەر فەرمانی سوڵتان و دەوڵەتی عوسمانی بەسەریاندا هات. ئەو دیدگایەش لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراوەکانی بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری لەسەر کرابوو(بڕوانە پاشکۆی بەڵگەنامەکان، بەڵگەنامەی ژمارە-٣).

لەو ڕوانگەیەوە، کاتێک سوڵتانی عوسمانی واژۆی مافی سەربەخۆیی بۆ کوردەکانی سنوری دەوڵەتەکەی دابوویە (فەرید پاشا)ی سەرۆک وەزیران، تا ئەویش لە ڕێگای خۆیەوە بیداتە نوێنەریان لە کۆنگرەکە(بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٣٤، الداقوقي: ١٢٠-١٢١)، جیابوونەوەی خاکی کوردستان نەبوو لە دەوڵەتەکەی، بەڵکو جۆرێک بوو لە خودموختاری یان ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی بندەستیان. هەربۆیە ئامادەبوو ڕەزامەندی لەسەر بدات، وەک باجی شەڕ لە لایەک و ڕزگاربوون لەو دۆخە سەختەی تێکەوتوون لە لایەکی دیکەوە.

**کورد و پەیمانی سیڤەر:** کاتێکیش لە هەڵوێستی کورد و تێڕوانینی بۆ پەیمانەکە دەکۆڵینەوە، بە شتێکی دیکە دەگەین. جارێک بەر لە هەر شتێک ئەو ماددە و بڕگانەی لەو پەیمانەوە دران و

دەرچوون، بێ ئامادەبوونی خودی کورد و نوێنەریان لە کۆنگرەکە واژۆکراون و بڕیاریان لەبارەوە دراوە، لەگەڵ ئەوەی لە بەرژەوەندیی کوردیش بوو(گەرمیانی: ٤١). بەواتایەکی تر، کورد دوای جەنگ چووە ناو گفتوگۆ و بەرنامەی کاری وڵاتانی برای جەنگ، کە سەرقاڵی داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی جیهان بوون. ئەو پێگەیەش بۆ کورد کەم نەبوو، بۆیە دەبوایە سوودی لێوەربگیرێت، بەڵام ئەوە لە هەڵەی کوردەوە بووبێت یان لە کەمتەرخەمی هاوپەیمانان پەیمانەکە بۆ کورد وەلانرا(د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: ٢٣٨).

لە لایەکی دیکەوە ماددەی (٦٢)، کە مافی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی سەربەخۆ بۆ کورد دیاریکردبوو، هەموو خاکی کوردستان نەبوو(سعد بشير اسكندر: ١٩)، بەڵکو بەشێکی کەمی خاکی کوردستان بوو(د.خليل اسماعيل: ٩٦، شرفكندی: ٧٣). ئەمە، جگە لەوەی ویلایەتەکانی (ئەرزەڕوم، وان، بدلیس و غازی عینتاب) نەدەچوونە ناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە(د.خليل اسماعيل محمد: ٩٦)، بەڵکو ئەو ناوچانەی دەگرتەوە، کە کەوتبوونە باشوری خاکی ئەرمەنستان، تا خۆرهەڵاتی ڕوباری فوڕات و باکوری خاکی سوریا و ویلایەتی موسڵ(د.ڕەنجدەر محەمەد عەزیز: ١٤٢). لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا (سێ) ماددەی ئەو پەیمانە، زەمینەیەکی نوێی بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ دەڕەخساند، ئەگەرچی لەو ڕۆژگارەدا سەرجەم خواستەکانی کوردی جێبەجێنەدەکرد، بەڵام زۆر لەوە باشتر بوو، بە هیچ نەگەن(د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: ٢٣٨).

## تەوەری سێیەم
## هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی پەیمانی سیڤەر

بۆچوون و ڕاکان لەسەر جێبەجێنەکردنی پەیمانی سیڤەر و دواتر دەرکەوتن و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی لۆزان زۆرن. بەڕادەیەک، هەر مێژوونوس، تویژەر، نوسەر، خۆرهەڵاتناس و تەنانەت سیاسیەکیش، بۆ کۆمەڵە هۆکارێکی جۆراوجۆری گێڕاوەتەوە. بەڵام بەو پێیەی کارەکەی ئێمە شرۆڤەی ڕای هەریەک لەوانە نییە، بەڵکو خستنەڕووی دیارترین ئەو هۆکارانەیە، کە سیاسەتی دەوڵەتانی هاوپەیمانان و عوسمانی، هەروەها خودی کورد، پەیمانەکەیان بە لاڕێدابرد، بۆیە لەو دەلاقەیەوە، هۆکارەکان دەخەینەڕوو، ئەوانیش:

**هۆکاری ناوخۆیی کورد:** بەشێک لە ڕاو بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە کورد هۆکاری یەکەمی پەراوێزخستنی پەیمانەکە بووە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە کورد لەو قۆناغەدا پەرتەوازە و ناکۆک بوو(شرفكندی: ٥٩). هەروەها کەوتبووە ژێر کاریگەری هەژموونی ئاینی ئیسلام و لە بابەتە نەتەوەییەکە دووركەوتبووەوە(شێرکۆ: ٨٨). جگە لەوەی هەموویان یان لایەنی کەم زۆربەیان، دیدگایەکی هاوبەشیان بۆ نەتەوە و خاکەکەیان نەبوو، بەڵکو هەر کۆمەڵ و دەستە و تەنانەت ناوچەیەک، تێڕوانینێکی تایبەتی خۆی بۆ چارەسەری کێشەکان و ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی هەبوو. وەک ئەوەی کاتێک (ئەنجومەنی مەبعووسانی تورکیا) بە سەرۆکایەتی (مستەفا کەمال) لە (١٩٢٠/١/٢٠ز)و بەر لە واژۆکردنی پەیمانی سیڤەر بە (٦) مانگ و (٧) ڕۆژ

کۆبوویەوە و یاداشتێکیان بۆ ناوهێنانی کورد و خاکی کوردستان بڵاوکردەوە، لە کۆی (٧٢) ئەندامی کوردی ئەنجومەنەکە، یەک ئەندامیان دەنگی لێوە نەهات، ڕەخنە و گازندەیان دەرنەبڕی، کە بۆچی ناو و پێگەی کورد لە یاداشتەکەدا نەهاتوە؟ (بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٥٨، د.حوسێن محەمەد عەزیز: ٧٣، الداقوقی: ١١٣)، لەکاتێکدا دەبوایە هەڵوێستیان هەبووایە. ئەوەش لە کاتێکدا بوو، کە (مستەفا کەمال) دەوڵەتەکەی ڕانەگەیاندبوو، تا خاوەنی هێز و سوپا بێت و ئەندامە کوردەکان لێی بترسن. هەر ئەوەش دەرفەتی دایە (مستەفا کەمال) بەهێزتر لە جاران بێتە مەیدان و دەربکەوێت. ئەوەی دەیەوێت بۆ نەتەوەکەی لەسەر حیسابی کورد بیکات. ئەو کوردانەشی لەژێر کاریگەری هەستی نەتەوەیی و جوڵاندنی بوون بۆ گەیشتنی کورد بە مافەکانی، لە "نێوان بەرداشی ئاینی و پارێزگاری لە ئاینی ئیسلام و دژایەتی بێباوەڕانی خۆرئاوا لە لایەک و ئاوڕدانەوە لە بەڵێنەکانی وڵاتانی هاوپەیمان گیریانکردبوو(شێرکۆ: ٩٠)، بۆیە بەو دۆخەوەی کوردی تێدابوو، ئەستەم بوو، بیر لەوە بکرێتەوە شوێن پەیمانەکە بکەون و لایەنیکەم نوێنەریان بگەینە (کۆمەڵەی نەتەوەکان)، که لە (١٩١٩/٦/٢٥ز)( بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٢٥) بۆ چارەسەری کێشە جیهانیەکان و مافی نەتەوە بندەستەکان دامەزرابوو(سعد بشير اسكندر: ٥١)، تا داوای کوردەکان بۆ سەربەخۆیی بگەیەننە ئەوان. ئەو داوایەی لە ماددەی (٦٤)ی پەیمانی سیڤەر تایبەت بە کورد هاتبوو.

**سیاسەتی هاوپەیمانان:** هۆکارێکی دیکە سیاسەتی هاوپەیمانان بوو، بە تایبەت بەریتانیەکان، چونکە لەگەڵ ئەوەدا نەبوون، بۆ پشتیوانی لە کورد، پشت لە نەتەوەکانی (عەرەب، تورک، فارس و ئەرمەن)بکەن(شرفکندی: ٥٩). بە تایبەت دوای پێشڕەوی و سەرکەوتنەکانی (مستەفا کەمال) لە ناوچەی ئانادۆڵ و کارکردن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی تورکیای لاو)(د.خليل اسماعيل محمد: ٩٦). ئەمە و بیرۆکەی دروستکردنی دەوڵەتێک بە ناوی عێراق لە هەردوو ویلایەتی (بەغداد و بەسرە)ی عوسمانی هاتەئارا. ئەوەش کەوتە دوای ڕێککەتنامەی (سان ریمۆ)، کە داگیرکاری بەریتانی و فەڕەنسیەکانی لە ویلایەتەکانی عوسمانی بە (انتداب) گۆڕی. ئەوەش بەواتای پەراوێزخستنی مافی چارەیخۆنوسی بوو، بۆ خەڵکانی ئەو ناوچانە(د.انيس ورد و رجب حراز، ١٩٦٧: ٤٦٤، الطالبانی: ٣٩-٤٠، سعد بشير اسكندر: ٥٤).

بەپێی ڕاپۆرتێکی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش، دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق سەرەتا لە هەدوو ویلایەتی (بەغداد و بەسرە) سەرچاوەیگرت، بەڵام دوای (سێ) ساڵ بڕیار لەسەر لکاندنی ویلایەتی موسڵ درا(تقرير لجنة عصبة الامم١٩٢٤: ١٠٩). دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش لە هەردوو ویلایەتی (بەغداد و بەسرە) لە کۆنگرەی قاهیرەدا پێشنیازکرا، کە لە (١٢-١٨ی ئازاری١٩٢١ز) لە شاری (قاهیرە)ی میسر بەسترا(البرقاوی: ٢١، باوەڕ٢٠٠٤، ل٣٥). هەر لەوێش پێشنیازی مانەوەی باشوری کوردستان بە سەربەخۆیی یان بە لکاندن بەو دەوڵەتەوە کرا(البرقاوي: ٢١، سعد بشير اسكندر: ١٩). تەنانەت پێشنیازەکەی (ونستۆن چرچل) وەزیری

ناوچە داگیرکراوەکانی بەریتانیا، بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی کوردی لە باشوری کوردستان، وەک ئەگەر و بۆچوونێک سەیرکرا، نەوەک ستراتیژ لە ئایندەدا(د.عثمان علی:٤١٠).

بڕیار و ئەنجامەکانی کۆنگرەکەش، دوای ئەو سەرکەوتنانە هات، کە (مستەفا کەمال) لە ناوچەی ئانادۆڵی تورکیا بەدەستیهێنا. ئەوەش وایان بە بیر بەریتانیەکاندا هێنا، ئەو سەرکەوتنانە دەرفەت دەدەنە (مستەفا کەمال) دەست لە کاروباری باشوری کوردستان وەربدات و دواتر داوای ویلایەتی موسڵی عوسمانی بکات(ل.ن. کوتلوف، ١٩٨٠: ٢٦٣-٢٦٥، د.عثمان علي: ٢٠٨)، بۆ ڕێگری لەو کارەش ئەوە باشتر بوو ویلایەتەکە بە دەوڵەتە پێشنیازکراوەکەی عێراقەوە بلکێنرێت و ببێتە پێشنیازێکی بەهێز لە داهاتوودا، تا ڕێگری لەو بیرۆکەیە بکات. ئەوەش کەوتە دوای ئەو ڕووداوەی، کە گومان لە نێوان بەریتانیەکان و (شێخ مەحمود)دا دروست بوو. لەم بارەیەوە (میس بێل) پێیوابوو، کە کوردەکان ئەو هێزە نین حکومەتەکەی پشتیوانیانبکات، بەڵکو ئەوە عەرەب و تورک و فارسن دەتوانن ئەو داهاتوە زامنبکەن پشتیوانی دەوڵەتی گەورەی بەریتانیا بن(اليزابيث بير غوين، ٢٠٠٢: ٤٥٢). هەروەها بەوە گەیشتبوو، کە ڕاستە هەزاران کەس لە کورد بۆ (شێخ مەحمود) خۆیان بە کوشت دەدەن، بەڵام لەکاتی پێویستدا بۆ بەرگریکردن لێی، ژمارەیان ناگاتە چەند کەسێکی کەم. ئەوەش لە شەڕەکەی دەربەندی بازیان بە ڕوونی دەرکەوت(ناسر و ئەوانی تر: ٤٣٧). هەروەها گەیشتبووە ئەوەی، کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی و سەربەخۆیی کوردستان، کارێکی زەحمەت و هەڵەیە و دەوڵەتەکەی باجی گەورەی لەسەر دەدات. هەربۆیە، هەموو هەوڵەکانی خستەکار، نەک هەر ئەو بیرۆکەیە بخاتە لاوە، بەڵکو کار لە سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆزە و گەورەی بنەماڵەکانی کورد بکات، بۆچوونیان لەسەر سەربەخۆیی خاکەکەیان بگۆڕن. تەنانەت پشتیوانیکردن لەهێنانی (فەیسەڵی کوڕی حوسێن) بۆ پادشایی لە عێراق لەسەر ئەو بنەمایە بوو، تا کوردەکان بە لایەنگریان بۆ بنەماڵەیەکی ئاینی شاری (مەککە) لە بیری سەربەخۆیی خاکەکەیان دووربکەونەوە(بيل: ٦٨، د.انيس ورد و رجب حراز: ٤٦٦). ئەوەش بە هۆی پابەندی کورد بە ئاینی ئیسلام و بنەماڵە ئاینییەکانەوە بووە، وەک هاوسۆزیان بۆ دەوڵەت و سوڵتانی عوسمانی. ئەوە کاتێکیش وەک خەلیفەی موسڵمانان خۆی ناساند(الحسني، ١٩٤٨: ١/٨٤-٨٥، د.كمال مظهر احمد: ١٤٥-١٤٦).

نابێت ئەوەش نادیدەبگیرێت، کە ئاین لەو کاتەدا باشترین هێز بوو، زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی پێ بەکاربهێنرێت و لە داخوازیە نەتەوەییەکانیان دووربکەونەوە(ناسر و ئەوانی تر: ل٤٤٢. لێرەوەش بەشێک لە سەرانی بەریتانیا لە عێراق و ناوچەکە لە سەرویانەوە (سێر برسی کۆکس) وەک حاکمی سیاسی بەریتانیا لە عێراق) لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان و تەنانەت باشوری کوردستانیش نەبوو، بەڵکو پێیوابوو، پێویستە لەگەڵ دەوڵەتی نوێی عێراق بەیەکەوە بژین(روبرت اولسن، ١٩٩٩: ١٠٢). هەربۆیە کاتێک (فەیسەڵی کوڕی حوسێن) کرا بە پادشای عێراق و داوای لێکرا دان بە دەسەڵاتی (شێخ مەحمود)دا بنێت و وەک مەلیکی کوردستان بیناسێنێت. تا هەردوو

دەسەڵاتەکە لە (سێ) ویلایەتەکەی عوسمانیدا بە ئاشتی بژین، بەڵام مەرجی (فەیسەڵی کوڕی حوسێن) بۆ سەربەخۆیی باشوری کوردستان ئەوەبوو، کە بوارەکانی ئابوری و سەربازی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بمێنێتەوە. واتا، سەربەخۆیی بە مەرج بوو(کەمال نوری مەعروف، ٢٠١٦: ٥٠-٥١) ئەو داوایەش وەک ڕوونکردنەوەیەک لە لایەن (ئیدوارد نۆئێل) لە (١٩٢٢/١١/١٥ز) ئاراستەی (شێخ مەحمود) کراوە(بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە-٤).

زۆر پێدەچێت ئەو داوایەی (فەیسەڵی کوڕی حوسێن) لەسەر داوای (برسی کۆکس)و ئەو بەرپرسانەی بەریتانیا بووبێت، کە پێیانوابوو دەوڵەتێکی بەهێز لە عێراقدا بە هەردوو ولایەتی (بەغداد و بەسرە) دروست نابێت، تا ویلایەتی موسڵی پێوەنەلکێنرێت(ناسر و ئەوانی تر: ٥٥-٥٦، ٣٣٢). ئەو ڕایەشی وەک داوایەک بە نوسراوی ژمارە (٤/٣٣٣٠) لە (١٩٢٣/٢/٢٢ز)و واتە پێش (٥) مانگ و (١٣) ڕۆژ بەر لە واژۆکردنی (ڕێککەوتنامەی لۆزان)، بڵاوکردەوە(بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٤٩). ئەمە لەکاتێکدا هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراق لە (١٩٢٢/١٢/٢٢ز) دانیان بە حکومەتی باشوری کوردستاندا نابوو وە (شێخ مەحمود)یان وەک مەلیکی باشوری کوردستان ناسیبوو(خواجە: ٨٧/١-٨٨، الطالباني: ٣٢، بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٤٣). ئەمەو جیاواز لە هەوڵەکانی (میس بێل)، کە کاری بۆ ئەوە کرد، کە سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆز و کەسایەتیەکانی کورد قایل بکەن، هیچ کاردانەوەیەک نەنوێنن، تا کاتی وەڵامدانەوەی داواکانیان دێت. ئامانجی ئەوانیش ئەوەبوو، کە کار لە کار بترازێت و لەبەری گەیشتنی کوردەکان بە مافی خۆیان، پارێزگاری لە پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتەکەی لە ناوچەکەدا بکات(شێرکۆ: ٩٠).

هەموو ئەوانەش ئەمانگەیەننە ئەوەی، کە بەریتانیەکان بۆ سیاسەتێک (شێخ مەحمود)یان لە هیندستانەوە هێنایەوە باشوری کوردستان و لە (١٩٢٢/١٠/١٠ز) وەک مەلیکی کوردستان ناساندیان(الطالباني: ٥٤). ئەوەش لەکاتێکدا بوو، کە هەر ئەوان لە (١٩٢٠/١١/١١ز) حکومەتی کاتی عێراقیان بە سەرۆکایەتی (عەبدولرەحمان ئەلنەقیب) لە هەردوو ویلایەتی (بەغداد و بەسرە) دروستکردبوو(البرقاوي: ٢٠-٢١، د.خلیل اسماعیل محمد:٩٠-٩١). هەروەها لە (١٩٢١/٨/٢٣ز)دا (فەیسەڵی کوڕی حوسێن)یان بە پادشای عێراق دیاریکردبوو. ڕووداوەکەش کەوتە پێش (٤٩) ڕۆژ، واتا، کەمتر لە (دوو) مانگ پێش دانانی (شێخ مەحمود) بە مەلیکی کوردستان. لەو ماوەیەش (فەیسەڵی کوڕی حوسێن) و حکومەتەکەی بە ئاستێک کاریانکرد، تا دەوڵەت و حکومەتی بەریتانیا لە خۆیان زویرنەکەن و بەپێ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوان کاربکەن. چونکە پێیانوابوو، دەوڵەتەکەیان لەو کاتەدا پێویستی بە هێزی سیاسی و سەربازی و ئابوری بەریتانیەکان هەیە. ئەو دیدگایەی (شێخ مەحمود) و حکومەتەکەی نەیبوو(ناسر و ئەوانی تر: ٣٢٠). نابێت ئەوەش نادیدەبگرین، کە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی و ئەو ڕووداوانەی کەوتنە دوای واژۆکردنی پەیمانەکە، سیاسەتی هاوپەیمانان وابوو باکوری کوردستان بە دەوڵەتی تورکیای نوێ ببەستنەوە، نەک سەربەخۆیی پێبدەن(د.حوسێن محەمەد عەزیز: ٧٢). ئەمە، جگە لەوەی ناکۆکی نێوان خێڵ و هۆز و تیرە و بنەماڵەکانی کورد و مانەوەیان بە پەرتەوازەیی و ئەو گۆڕانکاریانەی

لەسەرووبەندی پەیمانی سیڤەر و دواتر بەسەر ناوچەکەدا هات، بەریتانیەکانی هاندا، سیاسەتی خۆیان بگۆڕن(د.عثمان علی: ٣١٤).

**سیاسەتی تورکەکان:** بەو پێیەی لەسەرووبەندی ڕووداوەکانی دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، تا واژۆکردنی پەیمانی سیڤەر و دواتر تا واژۆکردنی ڕێککەوتنامەی لۆزان، دوو دەسەڵات و دوو مەڵبەندی دەسەلات لە تورکیا بوونی هەبوو، یەکەمیان لە شاری (ئەستانبۆڵ) و مەڵبەندی سوڵتانی عوسمانی بوو، دووەمیان لە شاری (ئانکارا) و مەڵبەندی (مستەفا کەمال) بوو(بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٣٦)، بۆیە کوردی باکوری کوردستان بە گشتی و کۆی کوردەکانی ژێر قەڵمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی لە پێشتردا، بۆ دوو سیاسەتی تورکەکان دابەشبوون. هەروەها دەرکەوتنی (مستەفا کەمال) و پشتیوانی وڵاتانی هاوپەیمان بۆی دەریخست، کە ئەو کەسایەتییە زۆر لە کورد بۆ هاوپەیمانان گرنگترە. بە تایبەت دوای شکستپێهێنانی سوپای یۆنان و دەرکردنیان لە خاکی تورکیا لە هاوینی ساڵی (١٩٢٢ز). هەروەها دژایەتی خۆی بۆ دەوڵەت و سوڵتانی عوسمانی، زەمینەی کۆتایی سیڤەر و ڕێککەوتنامەی لۆزانی ڕەخساند(شرفکندی: ٧٤-٧٥، گەرمیانی: ٤٢، د.ڕەنجدەر محەمەد عەزیز: ١٤٥). بە تایبەت بەدەنگەوەچوونی بۆ کۆنگرەی لەندەن، کە لە (١٩٢١/٣/١٢ز) لە شاری (لەندەن) لە نێوان بەریتانیەکان و لایەنگرانی (مستەفا کەمال) بەسترا. تیایدا (مستەفا کەمال) لە ڕێگای نوێنەرەکەی (بەکر سامی) ئەو پەیامەی دایە(لۆرد کرزون) نوێنەری حکومەتی بەریتانیا، کە ئەوان ئامادەن کۆتایی بە دەوڵەتی عوسمانی و سیستەمی خەلافەتی عوسمانی بهێنن، بەو مەرجەی پشتیوانی هەوڵەکانیان بن(بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٥٢). ئەوەش لە بەرامبەر ئەوەی بەریتانیەکان ماددەکانی (٦٢ – ٦٣ - ٦٤)ی پەیمانی سیڤەر بەلاوەبخەن، لەبری ئەوە، پشتیوانی لەو بکەن. ئەو ماددانەی خودی (مستەفا کەمال) بە توندی دژیان بوو. هەربۆیە بەستنی ئەو کۆنگرەیە، ڕۆڵی سەرەکی لە پەراوێزخستنی ئەو ماددانەدا گێڕا(د.حوسێن محەمەد عەزیز: ٧٥).

بە دیویێکی تردا (مستەفا کەمال) زیرەکانە لەگەڵ نەیارەکانی دەوڵەتی عوسمانی مامەڵەی کرد و ڕێککەوت. وەک ئەوەی لە (١٩٢١/٣/١٣ز) لەگەڵ ئیتاڵیەکان ڕێککەوت، تا چارەسەری کێشەی سنورەکانیان بکەن. لە (١٩٢١/٣/١٦ز)ش نیمچە دورگەی قرمی بە دەوڵەتی ڕوسیا بەخشی، تا ئەو دەوڵەتەش لەمپەر بۆ کارەکانی دروستنەکات. لە (١٩٢١/١٠/٢٠ز) لەگەڵ فەرەنسیەکانیش ڕێککەوت و (کیلیکیا)ی بە خاکی سوریای بندەستی فەرەنسیەکان بەخشی، تا فەرەنسیەکان هاوکاری لە هەر داواکارییەک بکەن، کە لە لایەن (مستەفا کەمال)ەوە ئاراستەیانبکرێت. لە کاتێکدا زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کورد بوون(بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر: ٥١، حامد محمود عیسی، ٢٠١٢: ١٠٧، گوران سلام محمد: ٥٢).

**نەوت وەک هۆکارێکی ئابوری:** دۆزینەوەی نەوت لە سەرەتا سەدەی بیستەم لە سنوری ویلایەتی موسڵ و گرنگی بایەخ و باشی کێڵگە نەوتیەکانی ئەو ویلایەتە(عەبدوڵلا غەفوور، ٢٠٠٢: ٢٦-٣٢)، نەک هەر بەریتانیای وەک وڵاتێکی هاوپەیمانان والێکرد بە ڕێککەوتنامەی (سایکس-بیکۆ)دا

بچێتەوە(د. خلیل اسماعیل محمد: ٩٥)، بەڵکو زیاتر هانیدا بۆ ئەو سامانە ئابوریە گرنگە پشت لە کوردی زۆرینەی پێکهاتەی ویلایەتەکە بکات(باوەر، ٢٠٠٤: ٣٥). تەنانەت هانی بەریتانیەکانیدا بە زوویی بەخۆیاندا بچنەوە، تا ئەو ویلایەتە، کە لە بندەستی فەرەنسیەکان دەربهێنن، کە پێشتر بەپێ ڕێککەوتنامەی (سایکس-بیکۆ) پشکی ئەو بوو(د،خلیل اسماعیل محمد: ٩٤). لەم بارەوە (مس جیرترو بێڵ)، وەک دیپلۆماتکارێکی بەریتانی، بیرۆکەیەکی نوێی بۆ بەرپرسانی وڵاتەکەی هێنایەپێش، کە جیاکردنەوەی ویلایەتی موسڵ (باشوری کوردستان) وادەکات، بیرە نەوتیەکانی کەرکوک بکەونە بەردەم هەڕەشەکانی داهاتووی (مستەفا کەماڵ) و دەوڵەتەکەی. بۆیە بەر لەوەی ئەوە ڕوووبدات، پێویستە ئەو ناوچەیە بە دەوڵەتی عێراقەوە بلکێنرێت(د.عثمان علی: ٤١٠). هەروەها خۆشیان لە پەرتەوازەیی و نارێکی کوردەکان دەپارێزن، کە بەو پەرتەوازیی و ناکۆکیانەی نێوانیان زیان بۆ ئەو سامانە ئابوریە گرنگە دروستدەکەن و ناوچەیەکی نائارامی ئابوری لێ بەرهەمدەهێنن. بەوەش بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی دەخەنە مەترسییەوە(د.ڕەنجدەر محەمەد عەزیز، ل١٤٥). ڕووداوەکانی ساڵانی (١٩١٨ - ١٩١٩ز) و (١٩٢٢ - ١٩٢٣ز)ی باشوری کوردستان و ئەزموونەکانی (شێخ مەحمود) لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری، بەڵگەی ئەو واقیعە بوون. هەربۆیە دەتوانین بڵێین، هەموو ئەو هۆکارانە بەیەکەوە زەمینەی پەراوێزخستنی پەیمانی سیڤەر و هاتنەپێشەوەی ڕێککەوتنامەی لۆزانیان ڕەخساند. هەروەها (پەیمانی سیڤەر)یان وەک نوسراوی سەر کاغەز هێشتەوە(شرفکندی: ٧٤).

## ئەنجام

لە کۆی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. (پەیمانی سیڤەر) یەکێک بوو لەو پەیمانە نێودەوڵەتیانەی لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی لەسەر داوای بەشێک لە وڵاتانی براوەی جەنگ، کاری لەسەر کراو لە لایەن چەندین وڵاتی جیهانیەوە واژۆکرا.

٢. پەیمانەکە دوای کۆنفرانسی ئاشتی پاریس لە ساڵی (١٩١٩ز)، دیارترین پەیمانی نێودەوڵەتی بوو، سەرنجی کوردی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و وەک فریادڕەسی قۆناغێکی مێژوویی خۆی زانی.

٣. بەو پێیەی مافی کورد لە دروستکردنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم لە بەشێکی خاکەکەی لەو پەیماننامەیەدا، کەوتبووە ماددەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤) لە کۆی (٢٨٨) ماددەکان، لای بەشێکی کورد والێکدرایەوە، کە ئەوە لە هێز و سەنگی کوردە، باسی کورد و ئایندەکەی لە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی و پایەختی وڵاتێکی گەورەی وەک فەرەنسا لە پێش (٢٤٤) ماددەی تردا هاتوە، لەکاتێکدا ئەوە وانەبوو.

٣. بەستنی پەیمانەکە دوای ئەو دۆخە سیاسیانە هات، کە ڕووداوەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی لەگەڵ خۆی هێنای، بۆیە دەبوایە کار بۆ چارەسەری هەموو یان بەشێکی کێشە کەڵەکەبووەکانی جیهان و ئەو کێشانە بکرێت، کە شوێنەوارەکانی جەنگەکە دروستیانکرد.

٤. بەو پێیەی ململانێکان لە نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمان و سەرکەوتووی جەنگ و دەوڵەتانی تێکشاو و نەتەوە بندەستەکان توند و گۆڕانکاریەکان خێرابوون، بۆیە تەمەنی پەیمانی سیڤەر وەک ڕێککەوتنامەکانی (سایکس-بیکۆ، سان ڕیمۆ) و (کۆنفرانسی ئاشتی پاریس)، کورت بوو. ئەوەش حاڵەتێکی ئاسایی بوو.

٥. گۆڕانکاریە خێراکانی پێش و دوای پەیمانی سیڤەر بە (دوو) ساڵ، دەرفەتی ئەوەیان بە کورد نەدا، شوێن ماددەی (٦٤) پەیمانەکە بکەوێت و نوێنەری بنێرێتە کۆمەڵەی نەتەوەکان و داوای نەتەوەکەی بۆ سەربەخۆیی بە ئەندامەکانی بگەیەنێت.

٦. دەرکەوتن و پێشرەوییەکانی (مستەفا کەمال) لە تورکیا و پشتیوانی بەشێکی سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆزەکانی کورد لە باکوری کوردستان لێی، پاشەکشەی بە سیاسەتی هاوپەیمانان، بە تایبەت بەریتانی و فەرەنسا بۆ کورد کرد، چونکە پێیانوابوو، کوردەکان سوودیان لە نەهامەتیەکانی پێشووی دەسەلاتی تورکەکان نەبینیووە.

٧. لەگەڵ پشتیوانی بەریتانیەکان لە پرسی سەربەخۆیی باشوری کوردستان، یەکەمیان لە نێوان ساڵانی (١٩١٨ - ١٩١٩ز)، کە تیایدا (شێخ مەحمود) بە حکومدار ناسی و دووەمیان لە نێوان ساڵانی (١٩٢٢ - ١٩٢٣ز)، کە تیایدا (شێخ مەحمود)یان بە مەلیک ناسی، بەڵام هەردوو ئەزموونەکە، بە هۆی کێشەی ناوخۆیی کورد و گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەوڵەتی بەریتانیا سەرکەوتوو نەبوون، تا لایەنی کەم ئەزموونی دووەم تەواوکاری ماددەکانی (٦٢، ٦٣)ی پەیمانی سیڤەر بن.

٨. دەرکەوتن و دانانی (فەیسەڵی کوڕی حوسێن) بە پادشای عێراق و ملکەچی بۆ سیاسەتەکانی دەوڵەتی بەریتانیا و پشتیوانی لە بەرژەوەندییەکانیان، سەربەخۆیی باشوری کوردستانیان لەباربرد، ئەگەرچی ئەو بەشەی کوردستان لە ناو ماددەی (٦٢) پەیمانی سیڤەر نەبوو.

٩. دەتوانین بلێن: (پەیمانی سیڤەر) وێستگەیەکی دیپلۆماسی سیاسی بوو، لە ماوەیەکی کورتدا هات و تێپەڕی، بەڵام لە بیر و هزری کورد و کۆمەڵگای کوردیدا بە زیندوی مایەوە، چونکە تاکە پەیمان بوو، لە (سێ) ماددەدا دان بە مافەکانی کوردا بنێت.

## پاشکۆی بەڵگەنامەکان

### بەڵگەنامەی ژمارە (١)

وەزارەتی ناوخۆ

فەرمانگەی خۆرئاوا

ساڵ/١٣٣٧

ڕێکەوتی/١٠ مانگی ع٢

وەزارەتی دەرەوەی بەڕێز

نمرەی٦٤٦/١٣٦٣ مان پێگەیشت. سوپاس و پێزانیمان بۆ ڕاستگۆیی ئەو وەزارەتە بەڕێزە هەیە، بەڵام داواکارین، جارێکیش لەگەڵ باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەبارەی کاری کوردەکان و میسۆپۆتامیا و وروژاندنی کوردەکانی ئێران دانوستانبکەن. بە تایبەتی داوا لە کوردەکانی میسۆپۆتامیا بکەن دانوستان لەگەڵ دانیشتوانی ئێران بکەن و بانگهێتشی ئەوان بۆ یارمەتی خۆیان بە جددیەت قەدەغەبکەن، ئەگەرنا لەوانەیە لە داهاتوودا کێشە دروستبکات. وە لە داهاتوودا، دەوڵەت ناچارە بۆ پاراستنی سیاسەتی خۆی هێزێکی تایبەت ڕەوانەی سنورەکان بکات و لەو ڕێگایەشەوە تووشی زیان ببێت.

واژۆ و مۆر

وەزارەتی ناوخۆ

تێبینی:

فەرمانگەی بەریتانیا لەگەڵ وەزیری موختاری بەریتانیا دیسان دانوستان کرا لە ٢٧ی ڕەبیعی دووەمی١٣٣٧.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢)

وەزارەتی ناوخۆ

ساڵ/١٣٣٧

دوای ناونیشان

لەم سێ ڕۆژەی ڕابردوودا، چەند نامەیەک لە لایەن جەنابی ئاغای شێخ مەحمودەوە بۆ گەورە و بەڕێز ئەمجەد ئاغای شێخ مەحمود ئاغا بۆ جەنابی حاجی شێخ عارف و جەنابی فازیڵ و صدر العلماء اقبال نیزام قەلعە و مائولیفتیخار سوڵتان هاتوە، کە لە شوێنکەوتووانی بەریتانیایە. بەشێوازێک وا دیارە، نامەکەیان قبوڵ کردوە. هاوکات دوو کەسی خاوەن دەسەڵاتی بەریتانیاش لە شاری سنە سەرقاڵی وەرگرتنی جنیەین. حاکمی سیاسی بەریتانیاش لە سلێمانی بەرەو

ناوچەی نەهری ڕۆیشتوە. سەید تەهای برازای گەورە و بەڕێز شێخ عەبدوالقادری شوێنکەوتوویی شێخ مەحمودی بینیووە. هەروەها وا دیارە، باقی میللەتەکانیش ئەم دۆخەیان پێ باشە. بە شێوازێکی ئاشکرا لە سلێمانیەوە هەواڵیان ناردوە و چەکیش بۆ هۆزەکانی ناوچەی عێراق و کوردەکانیش هاتوە. بەرپرسەکانی ئینگلیز لەگەڵ کوردەکان زۆر لوتف و میهرەبانانەیە. هەموو کات هەوڵ دەدەن گەلی کورد بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣)

## دەقی بروسکەی فەرماندەی سەربازی کەتیبەی (١٣) سوپای عوسمانی (جەودەت بەگ) بۆ جەماوەری جزیرە لە (٩ی ئەیلولی١٩١٩ز)

**ژمارە: ٣٠٠٠/٦٠٢**

**بەرواری: ١٩١٩/٩/٩**

بۆ/ دانیشتوانی جەماوەری جزیرەی تیکۆشەر

ئەو کۆمەڵەی، کە ئەفسەری ئینگلیزی سەرۆکایەتی دەکات، لەم دواییەدا گەیشتۆتە مەلاتیە چەندین پلان و نەخشەی لە ژێر سەردایە دژ بە باب و باپیرمان. ئەو ئەفسەرە ناوی (مێجەر نۆئیل)ە و کەوتۆتە گەڕان و فاکوفیک. دوو مانگیش لەمەوبەر چۆتە دیاربەکر و بە بێ پەردە دابەزیوتە سەر حکومەتی تورکیا و پروپاگەندەکەشی دژ بە دەوڵەت بڵاوکردۆتەوە. پارە و پۆلێکی زۆریشی بە بەرتیل داوە بە سەرۆک هۆزی میللی. ئەمیش بەڵێنی داونەتێ، کە لە ماوەی (شەش) هەفتەدا هەموو کاربەدەست و موچەخۆرانی تورک لە ناوچەکەی دەربکات. دیارە لەگەڵ ئەو بەڵێنانەش، کە بە خەڵکی ناوچەکەی داوە، بەڵام لە هەموو شوێنێک بە دژی خواست و هیوای جەنابی، وەڵام نەدراوەتەوە. یەکێکیش لە هاورێکانی (مێجەر نۆئیل)، کە ناوی (ئەکرەم جەمیل پاشای دیاربەکری)یە، ئەو پیاوە شێتەی، کە نەک هەر دانیشتوانی شارەکەی خۆشیاننناویت، بەڵکو لە ناو خیزانەکەی خۆیشیدا سووکە.

ئاخ و داخ بۆ هەموو خەڵکە بە شەرەفەکان (کورد و تورک و ئەلبان)، کە بە درێژایی (٦٠٠) ساڵ لە ئیسلامبوون و قوربانیدان لە پێناویدا، خەریکن فریو دەدەرێن. ئەگەرچی لە جەنگی بولقاندا ئەلبانیەکان بە بەند و باوی سەربەخۆیی لە خشتەبران. ئەمرۆش، کە جیهان پڕکراوە لە باسی نەتەوە بچوکەکان بە هیچ جۆرێک باسیان لە کولەکەی تەڕدا نییە، بۆیە ئاوەها دەیانەوێت کوردیشمان لێبکەن.

لە کاتی جەنگیشدا (حسێنی شەریفی مەککە)شیان لە خشتەبرد. ئەوەش بە ناوی پادشایەتی حیجازەوە. ئەوەتا چۆن دەپارێتەوە، کە (سوریا، فەڵەستین، جەزائیر و تەڕابلس و عێراق)یش بخەنە سەر پاشانشینییەکەی! بەڵام پاڕانەوەکەی بە هیچ گوێیەک ئاشنا نییە. بە پێچەوانەوە ئەو وڵاتانە دابەشکراون بەسەر چەند دەوڵەتیکی بێگانەدا، کە لە لایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەبرین. بەو

جۆرە برا عەرەبەکانیان لە ئێمە دابڕی. ئێستاش ئەو کەسانەی، کە عەرەبیان لە ئێمە کرد، دەیانەویت کوردیش لە ئێمە بکەن!

پێویستە بۆ مێژووش ئەوە بڵێم، کە جگە لە هەندێک سەرپێچی و پۆت شکاندن و پەرش و بڵاوبوون، کوردەکان بەوە ناسراون، کە زۆر سۆز و هەستێکی ناسکیان بەرامبەر ئاینی ئیسلام هەیە. وە هەمیشە بە چاوێکی شکۆ و سامەوە سەیری خەلافەتی ئیسلامیان کردوە. ئێستاش بەو هیوایەین، کە پەیوەندیە کۆن و نەریتەکەیان لەگەڵ ئاین ئیسلامی و حکومەتی تورکیا هەر بەردەوام و گەشەدار بێت.

لێرەوە ئەو ئەفسەرە ئینگلیزە، کە دەڵێن (عەقید)ە لە ڕاستیدا هەمان ئەو (ڕائد)یە، کە ئەفسەری سیاسی بوو لە سلێمانی و شێخ مەحمودیشی لە خشتەبرد. دیارە، ئەو شێخە هەمان ئەو شێخەیە، کە ئەمڕۆ کەوتۆتە جەنگ و ململانی لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی ئینگلیزدا. مانگێکیش لەمەو پێش ئەفسەرێکی ئینگلیزی لە قەفقازیاوە بە پارێزگاری بایەزید ڕاگەیاند، کە لەبەرئەوەی سەنجەقەکەیان بە ئەرمەنیەکان دراوە، پێویستە شارەکەیان چۆڵبکەن. ئەفسەری بەشی سیاسیش لە ڕەواندوز داوای کردوە، کە پێویستە ناوچەی شەمزینیان چۆڵبکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە ئینگلیزەکان کارناکەنە سەر کەس و کەس بە زووڕنایان هەڵناپەرێت. ئەوەتا خۆپیشاندانی نەتەوایەتی لە ئەرزەڕووم گەشە و تەشەنەی کردوە. هۆزەکانی سلێمانی و زاخۆ و ئامێدی، دەستیانداوەتە جەنگێکی سەخت و پاڵەوانە لە دژی ئینگلیزی داگیرکەر. دیارە، ئەگەر ئینگلیزەکان ڕاستدەکەن و بە دڵ دەیانەوێت کوردەکان سەربەخۆ بن؟ ئەی ئەو هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینانە بە چی پێنەدەکەن؟

خەڵکینە خودا پشتیوانتان بێت، پشت بە قسەی لووس و شیرین و درۆ و دەلەسە نەخەڵەتێن و لە خشتەتان نەبەن، چونکە لە یەکتر دابڕان، ئاینی ئیسلام لاواز دەکات. تورک دەتوانێت بە تەنیا بژی بە بێ کورد، بەڵام کوردەکان، کە هاوسێی عەرەب و فارس و ئەرمەنن، ناتوانن بە بە تەنیا بمێننەوە. ئەرمەنیەکان لە ئەمریکا هەموومان دەکات بە کۆیلە، هەرچەندە ئەوانەی ناپاکن و خزمەتی ئینگلیزەکان دەکەن، تەنیا سێ چوار کەسێکن، بەڵام پێویستە هەرگیز ڕاستی لە یادنەکەین. لە هەمان کاتیشدا خۆمان نەکەینە دەستێوەردەری ئەو خۆپیشاندانەی، کە دژ بە ئاشتەوایی دەوڵەتانە؟

واژۆ

جەودەت بەگ

فەرماندەی کەتیبەی سیانزە و هێزە سەربازیەکان

## پاشکۆی ژمارە (٤)

جەنابی موستەتاب شێخ مەحمود ئەفەندی

حکومداری کوردستان

دوای ڕێز و سڵاو

ئەمەویت پیتانڕابگەیەنم، ماوەیەکە حەزم لێیە هەواڵتان بۆ بنێرم لەسەر هەموو ئەو کارانەی بۆتانم کردوە و دەیکەم. بەو جۆرەیە، کە وتووێژەکان نەگەیشتونەتە هیچ ئەنجامێک، دوا بڕیار و قسەش تەواو نەبووە، بۆیە نامەکەم دواکەوت، بەڵام لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەی دواییدا قسە و بۆچوونەکان لە یەکتری نزیکن و لەو ڕووەوە دەمەوێت پوختەی وتووێژەکانت پێ بڵێم:

کاتێک وفدەکە گەیشتە بەغداد، فەخامەتی مەندوبی سامی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوتی: ئەگەر ڕەزامەندی مەلیک فەیسەڵ و حکومەتی عێراق وەرنەگیرێت، حکومەتی بەریتانیا ناتوانێت بە سەربەخۆیی کوردستان ڕازی بێت، بۆیە لەسەر وەفدەکە پێویستە دانوستان لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ بکات. بەڵام ئێمە نازانین هەتاوەکو چ سنورێک مەلیک بەو سەربەخۆییەی کوردستان ڕازی دەبێت؟ لەبەرئەوەی لەو ڕووەوە دەسەلاتی وتووێژمان لەگەڵ مەلیک پێنەدراوە. بۆیە ئەو وتووێژانە بە شێوەیەکی ڕەسمی نەبوو. ئەو بابەتەش هەنگاوێکی باشە و ئێستاش وتووێژەکانی وەفدەکە لەگەڵ مەلیک بە باشی دەڕوات، خودا یاربێت لە ڕۆژانی داهاتوودا دەگەنە ئەنجامێکی ڕەسمی بەو جۆرەی کوردی عێراق مافی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆی لە ناو سنوری عێراقدا هەبێت، شتێکی ئاساییشە بۆ جەنابت، کە بڕیارێکی وا فرسەتێکی گەورەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

ئەوەی جەنابی مەلیک فەرمووی، ئەگەر کوردەکان سەربەخۆیی تەواویان دەوێت، پێویستە لایەنەکانی ئابوری و سەربازیان بۆ ژیانی عەرەب لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو کوردەکان ئامادەبوون بۆ مانەوەیان لەگەڵ عێراقدا هەموو داخوازییەکانیان بۆ داوای زەوی جێبەجێدەکرێت. ئەم بارودۆخەش بۆ وەفدی کوردی وتووێژی ڕەسمی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکات، چاکەی بابەتی سەربەخۆیی کوردیش گەیشتۆتە ئەم حاڵەتە. لە کۆتاییدا هیوای تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم.

مستەر نۆئێل

(١٩٢٢/١١/١٥)

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی:


١. ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا (٢٠١٧)، *کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا*١٩١٨-١٩٢٤، وەرگێڕانی: بروسکە عەبدول و یاسار شێرکۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

٢. ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا (٢٠٠٤)، *کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسڵی فڕەنسی لە بەغداد ساڵی* ١٩١٩، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

٣. ئۆلسن، روبرت (١٩٩٩)، *ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران*، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

٤. *بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر (٢٠٠٩)*، وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: سەلام ناوخۆش، خوێندنەوەی: مەسعود عەبدوالخالق، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی منارە.

٥. باوەڕ، ئەحمەد (٢٠٠٢)، *ئۆزدەمیر و کورد*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپ و ئۆفسێتی بابان.

٦. باوەڕ، ئەحمەد (٢٠٠٤)، *چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم.

٧. تەقی، جەلال (١٩٧٠)، *خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا*، چاپی یەکەم، بەغداد.

٨. جلیلی، جلیل واخرون (١٩٩٢)، *الحرکة الکردیة فی العصر الحدیث*، ترجمة: عبدی حاجی، الطبعة الاولی، بیروت.

٩. دەرسیمی، نوری (٢٠٠١)، *دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا*، وەرگێڕانی: ئەحمەد فەتاح دزەیی، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای موکریان.

١٠. رفیق حیلمی (١٩٨٨)، *یاداشت-کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود*، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان.

١١. د. رنجدەر محەمەد عەزیز (٢٠٢٢)، *سیاسەتی دەوڵەتی بەریتانیا بەرامبەر بە حکومەتی ویلایەتی موسڵ*١٩١٦-١٩٢٦، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەتا قەرەداخی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

١٢. سدیق ساڵح (٢٠٠٦)، *حکومەتی کوردستان١٩١٨-١٩٢٤*، چاپی دووەم، سلێمانی، بنکەی ژین.

١٣. شوانی، ئاکۆ (٢٠٠٣)، *شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢)*، چاپی یەکەم، سلێمانی چاپخانەی زانست.

١٤. عەبدوڵلا غەفور (٢٠١٠)، *ئاسوورییەکانی باشوری کوردستان-لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی-ئەتنۆگرافی*، چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی سپیریز.

١٥. عەبدوڵلا غەفور (٢٠٠٢)، *جوگرافیای ئابوری نەفت لە کوردستان*، چاپی دووەم، سلێمانی.

١٦. نەجاتی عەبدوڵلا (٢٠١٨)، *کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی فەڕەنسا و بەریتانیا١٨٧٩-١٩٦٣*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

١٧. عەبدوڵلا، نەجاتی (٢٠٠٦)، *وەفدی شێخ مەحمود بۆ کۆنفرانسی ئاشتی٢٠ی ئازار سەرەتای ئۆکتۆبەری١٩١٩ بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا*، چاپی یەکەم، سلێمانی، بنکەی ژین.

١٨. عبدالرزاق عبدالرحمن محمد (٢٠٢٠)، *بزاوتی ئیسلامی لە رەگی ئیخوانەوە بۆ ڕاگەیاندنی یەکگرتوو١٩٤٦-١٩٩٤*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپ و کۆمپانیای سازیار.

١٩. د. عوسمان عەلی (٢٠١٣)، *کورد لە بەڵگەنامەکانی بەرتیانیادا*، وەرگێڕانی: کامەران جەمال بابان زادە، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

٢٠. فاروق عەلی عومەر (٢٠٠١)، *ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراقدا*، وەرگێڕانی: تاریق کارێزی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢١. کەمال نوری مەعروف (١٩٩٥)، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٢٢. کەمال نوری مەعروف (٢٠٢٠)، *مێژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود بە ئێرانەوە لە بەڵگەنامە نهینیە فارسییەکاندا*، چاپی یەکەم، تاران، چاپخانەی تاران.

٢٣. کەمال نوری مەعروف (٢٠١٦)، *مێژووی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود لە بەڵگەنامە نهێنیەکاندا*، پێداچوونەوەی: د. هۆگر مەحمود فەرەج، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی یاد.

٢٤. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر (٢٠٢٢)، *چەرەیەک لە مێژووی کورد*، چاپی دوانزەیەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

٢٥. گەرمیانی، ئاسۆ (٢٠٠٤)، *دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ یان سیستمێکی فیدراڵی-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم.

٢٦. گولی، فاخر حەسەن (٢٠١٠)، *سمکۆیێ شکاک و شۆرەشا وی د بەلگەنامەیێن ئیرانی دا*، وەرگێران و پێداچوون: نزار ئەیوب گولی، چاپا ئێک، دهۆک، چاپخانا سپیرێز.

٢٧. گوڵ، د. مارف عومەر (١٩٩٦)، پەیمانی سیڤەر لە *سیاسەت* و یاسای نێودەوڵەتاندا، *گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی-سلێمانی*، ژمارە (١٧)، ١٩٩٦ز.

٢٨. گویلداش، ئیسماعیل (٢٠١١)، *جەمعیبەتی تەعالی کوردستان*، وەرگێرانی: زریان ڕۆژهەلاتی، چاپی یەکەم، سلێمانی، بنکەی ژین.

٢٩. مەولوودی، مستەفا (....)، *کورد لە ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکاندا*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی دانیشفەر.

٣٠. مینۆرسکی، ڤلادیمیر (١٩٨٤)، *کورد*، وەرگێڕانی: حەمەسعید حمەکریم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

٣١. نەوزاد عەلی ئەحمەد (٢٠٠٤)، *کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپ و ئۆفسێتی دلێر.

٣٢. هاوار، محمد رسول (٢٠٠٥)، *سمکۆ (ئیمساعیل ئاغای شکاک بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

٣٣. هیوا حەمید شەریف (٢٠٢٢)، *هەنگاوە هەڵەکان-توێژینەوەیەکی مێژوویی ڕەخنەییە*، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٣٤. واحد عومەر محێدین (٢٠٠٦)، *دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨ز)-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی*، چاپی یەکەم، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

٣٥. د. احمد عثمان ابوبکر (٢٠٠٢)، کردستان في عهد السلام، الطبعة الاولى، بیروت، رابطة کاوة للثقافة الکردیة.

٣٦. د. احمد عطیة الله (١٩٩٨)، *القاموس السیاسي*، الطبعة الاولى، بیروت.

٣٧. احمد فوزي (١٩٦١)، *خناجر و جبال-قاسم والاكراد*، الطبعة الاولى، بغداد.

٣٨. ادموندز، س.ج، (١٩٧١)، *ترک و کرد و عرب*، ترجمة: جرجیس فتح الله، بغداد، مطبعة تایمس-بغداد.

٣٩. اوزاغلو، هاكان (٢٠١٦)، *أعیان الكورد والدولة*، ترجمة: خلیل علي مراد، الطبعة الاولى، اربیل، مطبعة جامعة صلاح الدین.

٤٠. البرقاوي، احمد رفيق (١٩٨٠)، *العلاقات السياسية بين العراق و بريطانيا*، الطبعة الاولى، بغداد، دار الرشيد للنشر.

٤١. البياتي، عبدالرحمن ادريس (٢٠٠٥)، *الشيخ محمود الحفيد والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام١٩٢٥م*، البطعة الاولى، لندن، دار الحكمة.

٤٢. بيرغوين، اليزابيث (٢٠٠٢)، جيروهرود *بيل و أوراقها الشخصية١٩١٤-١٩٢٦*، ترجمة: نمير عباس، الطبعه الاولى، عمان.

٤٣. بيل، مس (٢٠٠٦)، *مذكرات المس بيل-الجاسوسة البريطانية في العراق ابان ثورة العشرين*، ترجمة: جعفر الخياط، مراجعة و تصحيح: حسين البدري-النجار، الطعبة الاولى، النجف، مطبعة برهان.

٤٤. د. جلال يحيى (١٩٦٦)، *العالم العربي الحديث-الفترة الواقعة بين الحربين العالميتيين*، الطبعة الاولى، القاهرة، دار المعارف.

٤٥. الحاج، د. عزيز (١٩٨٥)، *القضية الكردية في العشرينيات*، الطبعة الاولى، بغداد.

٤٦. حامد محمود عيسى (٢٠١٢)، *القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي١٩١٤-٢٠٠٤*، الطبعة الاولى، القاهرة، الدار العربية للطباعة والنشر.

٤٧. الحسني، عبدالرزاق (١٩٤٨)، *تاريخ العراق الحديث*، الطبعة الاولى، بغداد.

٤٨. الحسني، عبدالرزاق (١٩٨٥)، *العراق في ظل المعاهدات*، الطبعة الاولى، صيدا، مطبعة العرفان.

٤٩. د. خليل لسماعيل احمد (٢٠٠٦)، *القضية الكردية في العراق وجود ام حدود؟* الطبعة الاولى، جامعة صلاح الدين-اربيل، ٢٠٠٦م.

٥٠. الداقوقي، د. ابراهيم (٢٠٠٨)، *اكراد تركيا*، الطبعة الاولى، اربيل، دار اراس للنشر.

٥١. د. زكي صالح (١٩٥٣)، *مقدمة في دراسة العراق المعاصر*، الطبعة الاولى، بغداد، مطبعة الرابطة.

٥٢. سعد بشير اسكندر (٢٠٠٤)، *الديمقراطية و حق تقرير المصير القومي-دراسة نظرية و تأريخية مع اشارات خاصة بالسمالة الكردية*، الطبعة الاولى، السليمانية، مكتب الفكر و التوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني.

٥٣. شيركۆ، بلەچ/ (١٩٨٨)، *القضية الكردية ماضي الكرد و حاضرهم*، الطبعة الاولى، اربيل، مطبعة اربيل.

٥٤. الطالباني، جلال (٢٠١٤)، *أغدو ديمقراطي و حرمان الشعب حتى من حق الحلم*، تقديم: فريد اسسرد، الطبعة الثانية، السليمانية، مشنورات مكتب التوهية وتأهيل الكوادر لأتحاد الوطني الكردستاني.

٥٥. د. عبدالسلام عبدالعزيز فهمي (١٩٧٢)، *تاريخ ايران السياسي في القرن العشرين*، الطبعة الاولى، القاهرة.

٥٦. عثمان علي (٢٠٠٨)، *الحركة الكردية المعاصرة-دراسة تأريخية وثائقية*، الطبعة الثاية، اربيل.

٥٧. فارس عثمان (٢٠٠٨)، *الكرد والارمن العلاقات التاريخية*، السليمانية، مطبعة كمال.

٥٨. د.فرح صابر (٢٠١٣)، *رضا شاه بهلوى و التطورات السياسية في ايران (١٩١٨-١٩٣٩م)*، الطبعة الاولى، السليمانية، من منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية.

٥٩. د.كمال مظهر احمد (١٩٨٥)، *دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر*، الطبعة الاولى، بغداد.

٦٠. د. كمال مظهر احمد (١٩٨٤)، *كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى*، ترجمة: محمد الملا عبدالكريم، الطبعة الثانية، بغداد، دار افاق العربية للطباعة والنشر.

٦١. كوتلوف، ل. ن (١٩٨٠)، *العشرين الوطنية التحررية*، ترجمة: عبدالواحد كرم، الطبعة الاولى، بغداد.

٦٢. گوران سلام محمد (٢٠١٨)، *القضية الكردية في العلاقات التركية الايرانية ١٩١٨-١٩٣٩*، الطبعة الأولى، السليمانية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية.

٦٣. مجموعة من الباحثين السوفيت (٢٠٠٧)، *تاريخ تركيا المعاصر*، الطبعة الاولى، السليمانية، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر.

٦٤. مجموعة من الباحثين (٢٠٠٤)، *كركوك رحلة في ذاكرة التاريخ*، اعداد وترجمة: عوني الداودي، مراجعة وتقديم: د. نوري الطالباني، الطبعة الثانية، السليمانية، منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني.

٦٥. محمد صالح حسن (٢٠٠٥)، *شريف باشا و حياته و دوره السياسي (١٨٦٥-١٩٤٤م)*، الطبعة الاولى، دهوك، دار سبيريز للطباعة والنشر.

٦٦. نيكيتين، باسيل (٢٠٠٤)، *الكرد-دراسة سوسيولوجية و تأريخية*، تقديم: لويس ماسينيون، نقله من الفرنسية وعلق عليه: د. نورى الطالبانى، الطبعة الثالثة، اربيل، منشورات اراس.

٦٧. هاي، دبليو. ار (١٩٧٢)، *سنتان فى كردستان*، ترجمة: فؤاد جميل، الطبعة الاولى، بغداد.

٦٨. ود. د.انيس و رجب حراز (١٩٦٧)، *الشرق العربي في التاريخ العربي والمعاصر*، الطبعة الأولى، القاهرة، دار النهضة العربية.

٦٩. *کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسڵی فرەنسی لە بەغدادساڵی ١٩١٩*، وەرگێرانی: نەجاتی عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان-سلێمانی، ٢٠٠٤ز.

**سێیەم: بە زمانی فارسی:**

٧٠. احمدي، حميد (١٣٦٩ه.ش)، *ریشەهای بحران در خاورمیانه*، چاپ اول، تهران، انتشارات کیهان.

٧١. شرفکندی، د. صادق (١٣٩٢ه.ش)، *تاریخچەی جنبش های ملی کرد از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم*، چاپ دوم، اتحادیه دانشجویان دمکرات کردستان ایران-کردستان.

٧٢. شمیم، علی اصغر (١٣٨٤ه.ش) *ایران دوره سلطنت قاجار*، چاپ یازدهم، تهران، انتشارات مدبر.

٧٣. هورامی، مظفر بهمن سلطان (١٣٨٦ه.ش)، *تاریخ هورامان بۆ اساس گزارش تاریخ هورامان ملاعبدالله هورامی متخلص به(شیدا)*، مقدمه و تصحیح تعلیقات: د. نادر کریمیان سردشتی، چاپ اول، تهران، انتشارات احسان.

## دراسة للمواد ٦٢-٦٣-٦٤ معاهدة سيفر، دراسة تاريخية سياسية

**خلاصة البحث:**

تعتبر معاهدة سيفر أحدى أهم المعاهدات الدولية التي نالت انظار الكرد، بأعتبار أنها عالجت القضية الكردية بتأسيس كيان كردي مستقل تحت حماية الحلفاء، طبق المواد الثلاث (٦٢. ٦٣، ٦٤). و رغم أن تلك المعاهدة لم يطبق في وقت ذاتها وحل محلها اتفاقية لوزان، لكن بقيت المعاهدة في ذاكرة الاكراد حتى اليوم.

من هنا ومن أجل التسلط الضوء على المواد الثلاث، وأوضاع المنطقة عموما والكرد خصوصا في تلك الفترة، قمنا بأعداد هذا البحث في ثلاثة محاور. ففي المحور الاول، تطرقنا الى وضع الكرد في تلك الفترة. اما في المحور الثاني قمنا بتعريف معاهدة سيفر والمواد الثلاث المرتبطة بالكرد، مع شرح متونها وكيفية استجابة الاكراد لها؟ اما في المحور الثلاث والاخير وضحنا أهم المشاكل التى واجهت المعاهدة وعدم تطبيقها أنذاك. هذا وقد أنتهينا بحثنا بعدة نتائج وقائمة المصادر والمراجع و أهم الملاحق المرتبطة بهذا الموضوع، ومن الله التوفيق.

الكلمات المفتاحية: (معاهدة سيفر، الأكراد، الحلفاء، الاستقلال، اتفاقية لوزان)